PAY INSTITUTE
For Education & Development

NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY

لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (٨٥)

# پەرلەمانی کوردستان

# لە کوێوە بۆ کوێ؟

## ڕاپۆرتێکی بەراوردکارییە سەبارەت بە کاری پەرلەمانی لەنێوان هەر پێنج خولی پەرلەمانی کوردستاندا

## (١٩٩٢-٢٠٢٣)

## ڕاپۆرتی سیانزەهەم

٢٠٢٣

## ستافی کار

سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

ڕێکخەری پرۆژە:

**محەممەد کەریم ئەحمەد**

بەرپرسی بەشی کوردی ڕوانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

بەرپرسی بەشی عەرەبی ڕوانگەی پەی:

**میران حسین حەسەن**

ژمێریاری پرۆژە:

**ڕوانگە فایەق عەلی**

چاودێری پرۆژە:

**شۆخان مەحمود عەبدولمەجید**

چاودێری پرۆژە:

**ڤیان محەمەد قەرەنی**

تۆماری داتا:

**تروسکە سەروەر عەبدوڵلا**

دیزاینەر:

**باڤین سەروەر**


٭- ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY):

-لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (١٤٠٦) تۆمارکراوە.

-لە (٢٠٢٢/٢/٢٠) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عێراق لە بەغدا بە ژمارە (٥١٨٦) تۆمارکراوە.

٭- پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی دەستی پێ کردووە،



**ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم- تەلاری شامیر

هەولێر-ڕوناکی- تەلاری ڕوناکی

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701564576

ئیمەیل: payinstitute@gmail.com /sarwary74@yahoo.com

فەیسبوک: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payinstitute.org



**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان – ٢٠٢٣**

# ناوەرۆك


پێشەكی ........ ٧
پەرلەمان بۆ؟ ........ ٩
ئەركە سەرەكییەكانی پەرلەمان ........ ٩
١-ئەركی یاسادانان ........ ٩
٢-چاودێری و بەدواداچوون ........ ٩
٣- پەسەندكردنی بودجەی ساڵانە ........ ١٠
٤- پەیوەندییە گشتییەكان ........ ١٠
دەستپێكی پەرلەمان لە كوردستان ........ ١١
یەكەم: لیژنەی ئامادەكاری پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ........ ١١
دووەم: بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەكانی دەنگداندا ........ ١٢
سێیەم: بەشداریی لیست و قەوارە سیاسییەكان لە پرۆسەكانی هەڵبژاردندا ........ ١٣
چوارەم: ڕێژەی دەنگی كورسییە گشتییەكان لە پێنج هەڵبژاردندا ........ ١٤
پێنجەم: ڕێژەی دەنگی كورسیی كۆتای كریستیانەكان (كلدان سریان ئاشور) لە پێنج هەڵبژاردندا ........ ١٥
شەشەم: ڕێژەی دەنگی كورسیی كۆتای پێكهاتەی توركمان لە چوار هەڵبژاردندا ........ ١٦
حەوتەم: ڕێژەی دەنگی كورسیی كۆتای پێكهاتەی ئەرمەن لە چوار هەڵبژاردندا ........ ١٧
تۆماری دەنگدەران، گرفتێكی بەردەوام ........ ١٨
پێكهاتەی پەرلەمان ........ ٢٢
یەكەم: بەشداریی بڕیاربەدەستانی حزبەكان لە سەرۆكایەتی پەرلەماندا ........ ٢٢
دووەم: بەشداریی بڕیاربەدەستانی حزبەكان وەك ئەندامی پەرلەمان ........ ٢٣
سێیەم: ئاستی بڕوانامەی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٤
چوارەم: پسپۆریی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٥
پێنجەم: ئاستی تەمەنی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٦
شەشەم: تێكڕای ئەوانەی بوونەتە ئەندامی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٧
حەوتەم: دووبارە بوونەوەی ژمارەی ئەندامان لە هەڵبژاردنی پێنج خولدا ........ ٢٨
هەشتەم: پێكهاتەی ئایینی ئەندامان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٩
نۆیەم: پێكهاتەی نەتەوەیی ئەندامان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٣٠
دەیەم: پێكهاتەی ڕەگەزیی ئەندامان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٣١
تەمەنی پەرلەمانی كوردستان ........ ٣٢
یەكەم: جیاوازیی تەمەنی خولەكانی پەرلەمان ........ ٣٢
دووەم: دواخستنی هەڵبژاردنەكان و درێژكردنەوەكانی تەمەنی پەرلەمان ........ ٣٣
وەزیفەكانی پەرلەمانی كوردستان ........ ٣٤
یەكەم: وەزیفەی یاسا دانان ........ ٣٥
١-خوێندنەوەی پرۆژە یاساكان لە پەرلەمان ........ ٣٥
٢-یاسا پەسەندكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان: ........ ٣٦
٣-بڕیارە پەسەندكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان ........ ٣٧
٤-سروشتی یاسا پەسەندكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان ........ ٣٨
٥-جۆری یاسا پەسەندكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان ........ ٣٩
٦- پۆلێنی یاسا پەسەندكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان بە پێی شێوازی دەركردنیان ........ ٤٠
دووەم: وەزیفەی چاودێری ........ ٤١
١- پرسیاری پەرلەمانی ........ ٤١
٢- پرساندنی پەرلەمان ........ ٤٢
٣-لێكۆڵینەوەی پەرلەمانی ........ ٤٣

٤. بەرپرسیارێتی سیاسی ........ ٤٤
سێیەم: وەزیفەی دارایی ........ ٤٥
١- پەسەندکردنی بودجەی گشتی ........ ٤٥
٢- خستنە رووی ژمێرەی کۆتایی ........ ٤٧
٣- بودجەی پەرلەمان ........ ٤٧
چوارەم: وەزیفەی سەروەریەتی ........ ٤٧
پێنجەم: پەرلەمان و دەستە سەربەخۆکان ........ ٤٩
١-دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ........ ٤٩
٢-دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ........ ٤٩
٣-دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان ........ ٤٩
٤-کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ........ ٥٠
کارایی سەرۆکەکانی پەرلەمان ........ ٥١
یەکەم: کارایی سەرۆکەکانی پەرلەمان لە دەرکردنی یاسادا ........ ٥١
دووەم: کارایی سەرۆکەکانی پەرلەمان لە دەرکردنی بڕیارە یاسادا ........ ٥٣
سێیەم: کارایی سەرۆکەکانی پەرلەمان لە ئەنجامدانی دانیشتنەکاندا ........ ٥٤
چوارەم: کارایی سەرۆکەکانی پەرلەمان لە پەسەندکردنی یاسای بودجەدا ........ ٥٦
ئەنجام ........ ٥٧
راسپاردەکان ........ ٦١
پاشکۆی (١) خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بە مێژوو و ژمارە ........ ٦٢
پاشکۆی (٢) خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بە مێژوو و ژمارە ........ ٦٣
پاشکۆی (٣) خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بە مێژوو و ژمارە ........ ٦٤
پاشکۆی (٤) خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بە مێژوو و ژمارە ........ ٦٥
پاشکۆی (٥) خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بە مێژوو و ژمارە ........ ٦٦
پاشکۆی (٦) ژمارە و رێژەی دەنگی لیستە بەشداربووەکانی خولی یەکەم (١٩٩٢) ........ ٦٧
پاشکۆی (٧) ژمارە و رێژەی دەنگی لیستە بەشداربووەکانی خولی دووەم (٢٠٠٥) ........ ٦٨
پاشکۆی (٨) ژمارە و رێژەی دەنگی لیستە بەشداربووەکانی خولی سێیەم (٢٠٠٩) ........ ٦٩
پاشکۆی (٩) ژمارە و رێژەی دەنگی لیستە بەشداربووەکانی خولی چوارەم (٢٠١٣) ........ ٧٠
پاشکۆی (١٠) ژمارە و رێژەی دەنگی لیستە بەشداربووەکانی خولی پێنجەم (٢٠١٨) ........ ٧١
پاشکۆی (١١) پوختەی ژیاننامەو کارو چالاکییەکانی بەڕێز (جەوهەر نامیق) لەماوەی کارکردنی وەك سەرۆکی پەرلەمان ........ ٧٢
پاشکۆی (١٢) پوختەی ژیاننامەو کارو چالاکییەکانی بەڕێز (رۆژ نوری شاوەیس) لەماوەی کارکردنی وەك سەرۆکی پەرلەمان ........ ٧٣
پاشکۆی (١٣) پوختەی ژیاننامەو کارو چالاکییەکانی بەڕێز (کەمال فوئاد) لەماوەی کارکردنی وەك سەرۆکی پەرلەمان ........ ٧٤
پاشکۆی (١٤) پوختەی ژیاننامەو کارو چالاکییەکانی بەڕێز (عەدنان موفتی) لەماوەی کارکردنی وەك سەرۆکی پەرلەمان ........ ٧٥
پاشکۆی (١٥) پوختەی ژیاننامەو کارو چالاکییەکانی بەڕێز (کەمال کەرکوکی) لەماوەی کارکردنی وەك سەرۆکی پەرلەمان ........ ٧٦
پاشکۆی (١٦) پوختەی ژیاننامەو کارو چالاکییەکانی بەڕێز (ئەرسەلان بایز) لەماوەی کارکردنی وەك سەرۆکی پەرلەمان ........ ٧٧
پاشکۆی (١٧) پوختەی ژیاننامەو کارو چالاکییەکانی بەڕێز (یوسف محەمەد سادق) لەماوەی کارکردنی وەك سەرۆکی پەرلەمان ........ ٧٨
پاشکۆی (١٨) پوختەی ژیاننامەو کارو چالاکییەکانی بەڕێز (جەعفەر ئیمنیکی) لەماوەی کارکردنی وەك سەرۆکی پەرلەمان ........ ٧٩
پاشکۆی (١٩) پوختەی ژیاننامەو کارو چالاکییەکانی بەڕێز (ڤالا فەرید) لەماوەی کارکردنی وەك سەرۆکی پەرلەمان ........ ٨٠
پاشکۆی (٢٠) پوختەی ژیاننامەو کارو چالاکییەکانی بەڕێز (رێواز فایەق) لەماوەی کارکردنی وەك سەرۆکی پەرلەمان ........ ٨١
لە بڵاوکراوەکامی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان ........ ٨٢

# پێرستی خشتەکان


خشتەی ( ١ ) لیژنەی ئامادەکاری پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ........ ١١
خشتەی ( ٢ ) بەراوردی ژمارەی دەنگدەران و رێژەی بەشداریان لە پێنج هەڵبژاردندا ........ ١٢
خشتەی ( ٣ ) بەراوردی ژمارەی لیستەکان و بەشداریان لە پێنج هەڵبژاردندا ........ ١٣
خشتەی ( ٤ ) بەراوردی دەنگی لیستەکان لە پێنج هەڵبژاردندا -کورسی گشتی ........ ١٤
خشتەی ( ٥ ) بەراوردی دەنگی لیستەکان لە پێنج هەڵبژاردندا- کورسی کۆتای کریستیانەکان ........ ١٥
خشتەی ( ٦ ) بەراوردی دەنگی لیستەکان لە چوار هەڵبژاردندا- کورسی کۆتای تورکمانەکان ........ ١٦
خشتەی ( ٧ ) بەراوردی دەنگی لیستەکان لە چوار هەڵبژاردندا- کۆتای ئەرمەن ........ ١٧
خشتەی ( ٨ ) سەرۆك و جێگرانی پەرلەمان و پێگەیان لەناو حزبەکانیاندا ........ ٢٢
خشتەی ( ٩ ) رێژەی ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لە پەرلەمان ........ ٢٣
خشتەی ( ١٠ ) بڕوانامەی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٤
خشتەی ( ١١ ) پسپۆریی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٥
خشتەی ( ١٢ ) تەمەنی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٦
خشتەی ( ١٣ ) ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٧
خشتەی ( ١٤ ) دووبارەبوونەوەی ئەندامان لە هەڵبژاردنیان بۆ پەرلەمان ........ ٢٨
خشتەی ( ١٥ ) پێکهاتەی پەرلەمان لە لایەنی ئایینی ئەندامانیەوە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٩
خشتەی ( ١٦ ) پێکهاتەی پەرلەمان لە لایەنی نەتەوەیی ئەندامانیەوە ماوەی پێنج خولدا ........ ٣٠
خشتەی ( ١٧ ) پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی رەگەزەوە ........ ٣١
خشتەی ( ١٨ ) ماوەی تەمەنی خولەکانی پەرلەمان ........ ٣٢
خشتەی ( ١٩ ) درێژکردنەوەی تەمەنی خولەکانی پەرلەمان ........ ٣٣
خشتەی ( ٢٠ ) بەراوردی خولەکان لەرووی ژمارەی دانیشتنەکانەوە ........ ٣٤
خشتەی ( ٢١ ) ئەو پرۆژە یاسایانەی لەماوەی پێنج خولدا خوێندنەوەیان بۆ کراوە ........ ٣٥
خشتەی ( ٢٢ ) ئەو یاسایانەی لەماوەی پێنج خولدا پەسەندکراون ........ ٣٦
خشتەی ( ٢٣ ) ئەو بڕیارانەی لەماوەی پێنج خولدا دەرچوێنراون ........ ٣٧
خشتەی ژمارە ( ٢٤ ) پۆلێنی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی سروشتیان ........ ٣٨
خشتەی ( ٢٥ ) پۆلینی یاساکان بە پێی جۆری یاساکان ........ ٣٩
خشتەی ( ٢٦ ) پۆلێنی یاساکان بە پێی دەرکردنیان ........ ٤٠
خشتەی ( ٢٧ ) بەراوردی خولەکان لەرووی پەسەند کردنی یاسای بودجەوە ........ ٤٦
خشتەی ( ٢٨ ) دەرکردنی یاساکان بە پێی کاتی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون ........ ٥١
خشتەی ( ٢٩ ) دەرکردنی بڕیارە یاساییەکان بە پێی کاتی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون ........ ٥٣
خشتەی ( ٣٠ ) دانیشتنەکانی پەرلەمان بە پێی کاتی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون ........ ٥٤
خشتەی ( ٣١ ) یاسا پەسەندکراوەکانی بودجەی هەرێم بە پێی سەردەمی سەرۆکەکان ........ ٥٦

# پێرستی شێوەکان


شێوەی ( ١ ) ڕێژەی دەنگدان لە هەر پێنج هەڵبژاردندا ........ ١٢
شێوەی ( ٢ ) لیستە بەشداربووەکان لە پێنج هەڵبژاردندا ........ ١٣
شێوەی ( ٣ ) ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستاندا ........ ٢٣
شێوەی ( ٤ ) بڕوانامەی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٤
شێوەی ( ٥ ) ئاستی تەمەنی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٦
شێوەی ( ٦ ) ژمارەی زیادەی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٧
شێوەی ( ٧ ) دووبارەبوونەوەی ئەندامان لە هەڵبژاردنیان بۆ پەرلەمان ........ ٢٨
شێوەی ( ٨ ) پێکهاتەی پەرلەمان لە لایەنی ئایینی ئەندامانیەوە ماوەی پێنج خولدا ........ ٢٩
شێوەی ( ٩ ) پێکهاتەی پەرلەمان لە لایەنی نەتەوەیی ئەندامانیەوە ماوەی پێنج خولدا ........ ٣٠
شێوەی ( ١٠ ) پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی رەگەزەوە ........ ٣١
شێوەی ( ١١ ) ماوەی هەر یەك لە خولەکانی پەرلەمان بە رۆژ ........ ٣٤
شێوەی ( ١٢ ) ئەو پرۆژە یاسایانەی لەماوەی پێنج خولدا خوێندنەوەیان بۆ کراوە ........ ٣٥
شێوەی ( ١٣ ) ئەو یاسایانەی لەماوەی پێنج خولدا پەسەندکراون ........ ٣٦
شێوەی ( ١٤ ) ئەو بڕیارانەی لەماوەی پێنج خولدا دەرچوێنراون ........ ٣٧
شێوەی ( ١٥ ) پۆلێنی یاساکان بە پێی جۆری یاساکان ........ ٣٩
شێوەی ( ١٦ ) پۆلێنی یاساکان بە پێی شێوازی دەرکردنیان ........ ٤٠
شێوەی ( ١٧ ) دەرکردنی یاساکان بە پێی کاتی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون ........ ٥٢
شێوەی ( ١٨ ) دەرکردنی بڕیارە یاساییەکان بە پێی کاتی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون ........ ٥٣
شێوەی ( ١٩ ) دانیشتنەکانی پەرلەمان بە پێی کاتی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون ........ ٥٥
شێوەی ( ٢٠ ) یاسا پەسەندکراوەکانی بودجە بە پێی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمان بوون ........ ٥٦

# پێشەکی

هەڵبژاردن یەکێکە لە پایەکانی دیموکراسی، بەڵام وەك سەلمێنراوە سەرباری گرنگیەکەی بەتەنها هەڵبژاردن نابێتە سەلمێنەری دیموکراسی. پەرلەمان ئەو دامەزراوەیە کە لە ڕێگای کارەکانیەوە جۆری حوکمداری، شەفافیەت، چۆنێتی بودجە، لەگەڵ ڕەزامەندی خەڵك ڕێکدەخات. پەرلەمانی کارا ئەڵتەرناتیڤێکە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و پەرەپێدانی دیبەیت، ئەرکی پەرلەمان گواستنەوەی گفتوگۆ و ململانێیە لەشەقامەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان. ئەم پرۆسەیە دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی بونیادنانی نیشتمانی. لەم ڕووەوە پەرلەمان هەر ڕۆڵێك بگێڕێت ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی دامەزراوەکانی تر دەبێت، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، لەدوای ڕاپەرینی ١٩٩١ دوە هەنگاوێکی بوێرانەی نا بەوەی بڕیاری هەڵبژارن و پێکهێنانی پەرلەمانیدا. ئەو پەرلەمانەی لەماوەی سی ساڵی تەمەنیدا تا ئێستا پێنج خولی هەڵبژاردنی بەڕێکردووە، لەو ماوەیەدا بەچەندین قۆناغی هەڵچوون و داچووندا تێپەڕیوە، سەدان یاساو بڕیاری بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان دەرکردووە، تا ئاستێك لەچەند وێستگەیەکی ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا ڕۆڵی هەبووەو جێدەستی دیارە.

بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە: ئاخۆ تا چەند پەرلەمانی کوردستان بەپێی ستانداردی جیهانی وەك پەرلەمانێك بەڕێوە چووە و ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی بەجێهێناوە؟ ئاخۆ پەرلەمانی کوردستان تاچەند بەپێی ئەو یاساو بڕیارانەی کە خۆی دەریکردوون هەڵسوکەوتی کردووە؟ ئاخۆ تا چەند پەیرەوی ناوخۆکەی خۆی جێبەجێکردووە؟

ئەم ڕاپۆرتە بەشێکە لە پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان، کە ئینستتیوتی پەی (PAY) بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی ئەنجامی دەدات، ئەمجارەیان جیاواز لە ڕاپۆرتەکانی ڕابردوو، هەوڵماندواە بەراوردێکی هەر پێنج خولی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢ تا ٢٠٢٣) بکەین، بۆ ئەم کارەش پشت بە داتا و زانیارییەکانی خودی پەرلەمان بەستراوە، سود لە داتاکانی کۆمسیۆنەکانی هەڵبژاردن، بەرنامەی کار و پرۆتۆکۆلی دانیشتنەکان، یاساو بڕیارەکان و ماڵپەڕی فەرمیی پەرلەمان وەرگیراوە.

مەبەستمانە لەم ڕاپۆرتەدا چەند پرسیارێك بوروژێنین و لەڕێگەی ئەو داتاو زانیارییە حەقیقیانەشەوە کە خراونەتە ڕوو وەڵامی هەندێك پرسیار لای هاوڵاتیان ئاسان بکەین، ئاخۆ:

–تا چەند هێزە سیاسییەکان پابەندی ئەو پرەنسیپە دیموکراسیانە بوون کە بانگەشەیان بۆ کردوون لە ساتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا؟ تا چەند ئەو وادەو بەڵێنانەیان بەجێگەیاندووە کە بە دەنگدەرانیان داوە؟

–تا چەند هێزە سیاسییە باڵا دەستەکان گرنگییان بە دامەزراوەی پەرلەمان داوە؟ لەکاتێکدا ئەگەر پەرلەمان باڵادەست بێت واتە یاسا سەروەر دەبێت؟

–تا چەند هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان خاوەنی وادەو بەڵێنەکانیان بوونە کاتێ چوونەتە پەرلەمانەوەو تاچەند بە ئەدای کاری خۆیان هەڵساون؟

–تا چەند پەرلەمان بە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی هەڵساوە؟ تا چەند لە پرۆسەی یاسادانانادا بە ئەرکی خۆی هەڵساوە؟ تا چەند توانیویەتی چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەش بکات کە خۆی دەریکردوون و لە پێشێلی بیانپارێزێت؟

–تا چەند پەرلەمان توانیویەتی لە ئەرکی چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا سەرکەوتوو بێت و لەکاتی پێویستدا لێی بپێچێتەوە؟

–تا چەند پەرلەمان ئەرکی پەسەندکردنی بودجەی جێبەجێکردووە؟

–پەرلەمان کە بەپێی بڕیاری خۆی "بەرزترین دامەزراوەی یاسایی و سیاسی و شەرعیی خەڵکی کوردستانە و دەبێت بۆ پرسە چارەنوسسازەکان بۆی بگەڕێنەوە"، تا چەند لەو ئاستەدا بووەو لە تەنگژە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکاندا توانیویەتی ڕۆڵ ببینێت؟

–تا چەند ئەندامەکانی بەپێی سوێندە یاساییەی خواردویانە لەئاستی بەرپرسیارییەتیدا بوونە؟

–تا چەند دەستەی سەرۆکایەتییەکانی لە بەڕێوەچوونی کاروباری گشتی پەرلەمان و بەڕێوەچوونی دانیشتنەکاندا پەیڕەویان جێبەجێکردووە؟

–ئایا دووای سی ساڵ تێپەڕ بوون، ئەزمونی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو پێشەوە چووە یا بۆ دواوە گەڕاوەتەوە؟ ئایا کوالیتی یاساکان بەرز بوونەتەوە یا دابەزیون؟ ئایا یاسای زیاتر دەردەکرێت یا کەمتر؟ ئایا ئێستا ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان زیاترە یا پێشێلکردنیان؟

ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاری تر، کە ڕۆژانە لە باسی پەرلەماندا لە بیر و هەستی هاوڵاتیانی دەنگدەردایە، لە ڕێگەی ئەم ڕاپۆرتەوە دەکرێت وەڵامەکانی ئاسانتر وەدەست بخرێن. هەر بۆیەش لە ناونیشانی ڕاپۆرتەکەمانەوە بە پرسیاری: پەرلەمانی کوردستان لە کوێوە بۆ کوێ؟ دەستمان پێکردووە.

بە کورتی پەرلەمانی کوردستان وەك پێویست نەبووەو نیە، یاخود وەك ئەوەی دەبوایە ببێت، نەبووە، دیارە کۆمەڵێك هۆکاری جیاجیای خودی و بابەتی بوونەتە مایەی هاتنەکایەی ئەم ڕەوشەی بەرۆکی پەرلەمانی گرتووە. بەڵام لەهەر حاڵەتێکدا، بوونی پەرلەمان باشترە لە نەبوونی، لە سیستەی بەڕێوەبردنی هەرێمدا هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر نەبووەو تا ئێستاش هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر پێشنیار نەکراوە. هەر بۆیە ئەرکی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانە کار بۆ کارابوونی ئەم دامەزراوەیەو بەرز ڕاگرتنی بکەن، هێزە سیاسییەکان، ڕۆشنبیران، زانکۆکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، میدیاکاران و ...هتد، بێگومان هەریەکەو ئەرکێکی دەکەوێتە ئەستۆ، ئێمە وەك ئینستتیوتی پەی لەم سۆنگەیەوەیە کە ماوەی دە ساڵە چاودێریی ئەم دامەزراوەیە دەکەین، دەمانەوێت لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانمانەوە (کە تا ئێستا ٢٦ ڕاپۆرتمان بلاوکردۆتەوە) فشارێکی مەدەنی بۆ سەر پەرلەمان و پەرلەمانتاران و هێزە سیاسییەکان دروستبکەین و ڕای گشتییان لێ ئاگادار بکەینەوە.

لەم ڕاپۆرتەشدا کە بەراوردی هەریەك لە خولەکان و سەرۆکەکانیان کراوە، لە ڕووی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان، دەرکردنی یاساو بڕیارەکان، پەسەندکردنی بودجەو کارو چالاکییەکانی تریان، بێلایەنانەو پرۆفیشناڵانە کارەکە ئەنجامدراوە، ئەوەی ئەم ڕاپۆرتە پشتی پێ بەستاوە تەنها و تەنها خودی داتاو زانیارییەکانی ناو پرۆتۆکۆلەکان بووە کە دۆکیۆمێنتێکی فەرمیی پەرلەمانن.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**١٩ ی مایسی ٢٠٢٣**

## پەرلەمان بۆ؟

پەرلەمان (Parlement) وشەیەکی فەرەنسیە، بە دەستەیەك دەگوترێ کە لەلایەن خەڵکەوە بەدەنگی ڕاستەوخۆو شاراوە هەڵدەبژێردرێن تاکو خەریکی داڕشتن و پەسەندکردنی یاساکان بن و چاودێریش بن بەسەر جێبەجێکردنیانەوە، لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتەکان لێك جیاکراونەتەوە (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری). کەواتە پەرلەمان بەمانای ئەنجومەن و کۆمەڵەی هەڵبژێردراو دێت و ئەرکی یاسادانان و چاودێریکردن بەسەر کاروباری حکومەت، یا دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی دەکەوێتە ئەستۆ.

یەکەم پەرلەمانی جیهان لەساڵی ٩٢٠ز لە وڵاتی ئیسلەندا لە باکوری ئەوروپا پێکهات، بەدوای ئەودا کۆنترین پەرلەمانی جیهان لە ناوەڕاستی سەدەی سێزدەهەم لە ئینگلتەرا دەستی بە کارەکانی کرد. پەرلەمان جێگایەکە نوێنەرانی خەڵك تێیدا کۆدەبنەوەو خەریکی یاسادانان و توێژینەوە لەسەر یاساکان دەبن، ئەندامانی بەدەنگی خەڵك هەڵدەبژێردرێن.

پەرلەمان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا ناوی جیاوازی هەیە، بۆ وێنە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بە (مجلس الوطني) یا (مجلس الشعب)ناو دەبرێت، لە عێراق بە (مجلس النواب– ئەنجومەنی نوێنەران) و لە تورکیا (مەجلسی کەبیر)ی پێدەڵێن، لە ئێران بە (مجلس شورای اسلامی– ئەنجومەنی شورای ئیسلامی) ناوزەد کراوە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەمەریکای لاتین بە (کۆنگرێس) ناودەبرێت، لە هەرێمی کوردستانیش بە (پەرلەمانی کوردستان) ناسراوە. هەندێ وڵات دوو ئەنجومەنیان هەیە، وەك ئەنجومەنی شورا و پیران، یا ئەنجومەنی نوێنەران و لۆردەکان. بوونی پەرلەمان لە هەر وڵاتێکدا نیشانەی ئەوەیە کە خەڵکی ئەو وڵاتە دەیانەوێ بنەماکانی دیموکراسی، یا بە وتەیەکی تر حکومەتی خەڵك بەسەر خەڵکدا جێبەجێ بکەن، ئەندامانی بە هەڵبژاردنێکی گشتی و لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و دەسەڵاتی یاسادانانیان پێدەدرێت، بەڵام هەندێ جار ئەندامیەتی بە دانان دەبێت، هەندێ جاریش وەك ئەنجومەنی لۆردەکانی بەریتانیا بە میرات دەمێنێتەوە، واتە پاش مردنی باوك کوڕەکەی جێگەی دەگرێتەوە، ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی نوێنەرایەتیان پارێزبەندی (حصانە) یان هەیە.

### ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمان

لە چوارچێوەی ئەو ڕۆڵە گرنگەیدا، وەك نوێنەری خەڵك، پەرلەمان، لە ڕێگای سێ ئەرکی سەرەکی (ئێمە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانیشمان خستۆتە سەر و کردوومانە بە چوار ئەرك) بە ناو خەڵك پراکتیزە دەکات:

**١-ئەرکی یاسادانان:** پەرلەمانی کوردستان یاسای تازە دەردەکات، یان یاسا کارپێکراوەکان هەموار دەکات، یان بڕیار لەسەر کارپێکردن بە یاسا فیدراڵییەکان دەدات (ئەم مافە بە پێی دەستووری عێراق بە پەرلەمانی هەرێم دراوە). هەموو دامودەزگاکانی حکومەت پابەندی یاساکانی پەرلەمان دەبن و ڕێنمایی پێویست بۆ ئەنجامدانیان دەردەکەن. هەروەها پەرلەمان بڕیار دەردەکات، کە هێزی یاسایان هەیە، بەڵام کاتین، یان پەیوەندیان بە بوارێك یان حاڵەتێکی تایبەتەوە هەیە.

**٢-چاودێری و بەدواداچوون:** لە سیستەمی دیموکراسی ڕاستەوخۆدا، خەڵك ڕاستەوخۆ ئامادەی کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی دامودەزگا هەڵبژێردراوەکان دەبن و ئاگاداری پرۆسەی بڕیاردان و حکومڕانی دەبن، بەڵام لە کۆمەڵگای

سەردەمیانەدا، ئەستەمە ئەم کارە ئەنجام بدرێت، بۆیە پەرلەمان و لیژنەکان و ئەندامانی، بەناوی خەڵکەوە، بەم ئەرکە هەڵدەستن.

پەرلەمان چاودێری جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانە دەکات کە پەسەندییان دەکات، هەروەها بە دواداچوونی چۆنیەتی کارکردنی دامودەزگا فەرمییەکان دەکات و لەم میانەدا سەردانی مەیدانی ئەنجامدەدات و بانگهێشتی فەرمانبەران بۆ کۆبوونەوەکانی لیژنە پەیوەندارەکان و دانیشتنەکانی پەرلەمان دەکات، و لێکۆڵینەوە لەو کێشەو بابەتانەی ئاراستەی دەکرێن دەکات.

هەروەها و لە چوارچێوەی ئەنجامدانی ئەرکی بەدواداچووندا، پەرلەمان بۆی هەیە پرسیار ئاراستەی وەزیرەکان و بەرپرسانی تری حکومی بکات، بانگهێشتیان بۆ کۆبوونەوەکانی لیژنەکان و پەرلەمان بکات، و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، بە پێشنیاری وەرگرتنی متمانەش لێیان.

**٣- پەسەندکردنی بودجەی ساڵانە:** مافی خەڵکە بزانن داهاتی ساڵانەی حکومەت چەندە و چۆن خەرجدەکرێت، لە هەمان کاتدا، ئەرکی حکومەتە پلانێك ئامادەو ئاشکرا بکات بۆ چۆنێتی خەرجکردنی ئەو داهاتە، و ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانەی بەنیازە پێشکەش بەخەڵکیان بکات. یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان بریتییە لە گفتوگۆو پەسەندکردنی ئەو پلانەی حکومەت (بودجەی گشتی ساڵانە) بەناوی خەڵك. هەروەها ئەرکی پەرلەمانە ئەژماری کۆتایی ساڵانەی خەرجییەکانی حکومەتیش هەڵبسەنگێنێت و تێبینی و پێشنیارەکانی خۆی بۆ حکومەت بنێرێت. پرۆسەی پەسندکردنی بودجە لەناو لیژنەکانی پەرلەمان دەستپێدەکات و لە دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمان کۆتایی پێدێت، لیژنەکان میوانداری وەزیرەکان و فەرمانبەرە باڵاکانی وەزارەتەکان دەکەن و پێشنیارەکانی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی دارایی بەرزدەکەنەوە.

**٤- پەیوەندییە گشتییەکان:** هەرچەندە لە زۆربەی زۆری سەرچاوەکاندا تەنها سێ ئەرك بۆ پەرلەمان دادەنرێت (یاسا دانان، چاودێری، پەسەندکردنی بودجە)، بەڵام ئەمە هەمووی پێویستی بەوە هەیە، سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان چالاکانە لە پەیوەندی بەردەوام بن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگای مەدەنی و ناوەندەکانی ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستی و پەرلەمانە نیشتمانی و هەرێمەکان و هەندەران. پەخشکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان و بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بەو پرۆژەیاساو بڕیارانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و هەڵوێستی فراکسیۆنەکان، ئەرکێکی پێویستە لە چوارچێوەی ئاگادارکردنی خەڵك بەچۆنێتی نوێنەرایەتی کردنیان لەلایەن پەرلەمانەوە.

# دەستپێکی پەرلەمان لە کوردستان

## یەکەم: لیژنەی ئامادەکاری پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

پاش شکستهێنانی گفتوگۆکانی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەعس، لە ١٩٩١/١٠/٢٦ حکومەتی عێراق دەستی کرد بە کێشانەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکانی لە ناوچەکانی کوردستان، ئەوەش بۆشاییەکی یاسایی و کارگێڕی درووست کرد، بەرەی کوردستانیش کە لەو کاتەدا لە حەوت حزب پێکهاتبوو، وەکوو دەسەڵاتی ناوچەکە لە ئاست ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژە سیاسی و ئیداری و یاساییەدا و لەپێناو بەڕێوەبردنی هەرێم و دانانی دەسەڵاتی یاسا، بیری لە دامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی کردەوە لەڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆی ئازاد و دیموکراتییەوە. بۆ ئەمەش سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی تایبەتی (١٥) کەسی لە دادوەر و پارێزەر و مافپەروەران و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرە پێکهێنا، ئەندامەکان لەم بەرێزانە پێکهاتبوون:

### خشتەی (١)

### لیژنەی ئامادەکاری پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

| ز | ناو | ناونیشان |
|---|---|---|
| .١ | ڕەشید عەبدولقادر | سەرۆکی پێشووی دادگای تێهەڵچوونەوەی کوردستان |
| .٢ | مەعروف ڕەئوف | سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی کوردستان |
| .٣ | نازم حەویزی | جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی کوردستان |
| .٤ | ئەمیر حەویزی | جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی کوردستان |
| .٥ | شەمسەدین موفتی | پارێزەر |
| .٦ | مەحمود بابان | پارێزەر |
| .٧ | د.سەعدی ئیسماعیل بەرزنجی | ڕاگری کۆلیژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین |
| .٨ | د.خورشید شەوکەت بەرزنجی | یاریدەدەری ڕاگری کۆلیژی یاسا لە زانکۆی سەلاحەددین |
| .٩ | مستەفا عەسکەری | پارێزەر |
| .١٠ | فرسەت ئەحمەد عەبدوللا | پارێزەر |
| .١١ | د.قەیس دێوالی | پارێزەر |
| .١٢ | حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی | پارێزەر |
| .١٣ | بەختیار حەیدەری | پارێزەر |
| .١٤ | قادر جەباری | نوێنەری بەری کوردستانی |
| .١٥ | فەرەنسۆ هەریری | نوێنەری بەری کوردستانی |

ئەم لیژنەیە دوای چەند دانیشتنێك لە نێوان ١٩٩١/١٢/٢٣ تاوەکو ١٩٩٢/١/٢٨ پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش بە سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی کرد، لە ڕۆژی ١٩٩١/٤/٢٨ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بڕیاری لەسەر درا و بەناوی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق پەسەند کرا. ئەوە بوو یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩ ئەنجامدرا. کە تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان پێنج خولی هەڵبژاردنی بەخۆوە بینیوە (١٩٩٢–٢٠٢٣).

### دووەم: بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەکانی دەنگداندا

بەشداری هاوڵاتیانی هەرێم لە هەڵبژاردنەکاندا خول لەدوای خول گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، سەرەتا ڕێژەی بەشداری بەرزەو تا هاتووە ڕێژەکە کەم بۆتەوە.

بەپێی خشتەی ژمارە (٢)، بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان لە دەنگداندا کەمی کردووە. لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا ساڵی (١٩٩٢)دا ڕێژەی بەشداری گەیشتۆتە (86.4%)، هۆکاری بەرزی ڕێژەی بەشدارییەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هاوڵاتیان تازە لەدەست زولم و زۆری ڕژێمی بەعس ڕزگاریان بووبوو و خوازیاری ژیانێکی باشتر بوون و چاوەڕێی حوکمێکیان لە هێزە کوردییەکان دەکرد کە لەسایەیدا ئارام بژین، بەڵام شەڕی ناوخۆ و نەهامەتی و ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان هاوڵاتیانی نائومێد کرد، هەر بۆیە لە هەڵبژاردنی خولی دووەم لە ساڵی (٢٠٠٥) دا ڕێژەکە بۆ (75.6%) دادەبەزێت. دواتر لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم ساڵی (٢٠٠٩) بەهۆی سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنەوە گەرموگوڕییەك دەکەوێتە هەڵبژاردنەکانەوەو خەڵکانێکی زۆر بە ئومێدی گۆڕانکاری بەشداری پرۆسەکە دەکەن، هەر بۆیەش ئەمجارەیان ڕێژەکە بۆ (78.1%) بەرز دەبێتەوە. بەڵام ئۆپۆزیسیۆنیش نەیتوانی جێگەی ئەو متمانەیە بێت کە خەڵکی ئومێدیان لەسەر هەڵچنیبوو، هەر بۆیە لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا لە ساڵی (٢٠١٣) بۆ ڕێژەی (70.2%) دادەبەزێتەوە، هەر بەمەشەوە ناوەستێت و کێرڤەکە زۆر زیاتر بەرەو خوارەوە دەکشێ تا لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٨) دا دەگاتە ڕێژەی (59.83%).

**خشتەی (٢)**

**بەراوردی ژمارەی دەنگدەران و ڕێژەی بەشداریان لە پێنج هەڵبژاردندا**

| ز | خولی پەرلەمان | ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | ژمارەی ئەوانەی دەنگیان دا | ڕێژەی دەنگدان |
|---|---|---|---|---|
| ١. | خولی یەکەم | 1.112.000 | 971.953 | 86.4% |
| ٢. | خولی دووەم | 2.290.736 | 1.753.919 | 75.6% |
| ٣. | خولی سێیەم | 2.401.795 | 1.876.196 | 78.1% |
| ٤. | خولی چوارەم | 2.803.382 | 1.968.775 | 70.2% |
| ٥. | خولی پێنجەم | 3.085.461 | 1.845.979 | 59.83% |




**شێوەی (١)**

**ڕێژەی دەنگدان لە هەر پێنج هەڵبژاردندا**

## سێیەم: بەشداریی لیست و قەوارە سیاسییەکان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا

سەبارەت بە ژمارەی بەشداری قەوارە سیاسیەکان لەهەر هەڵبژاردنێکدا جیاوازی هەیە، خول لە دوای خول ژمارەیان زیادی کردووەو لە کۆنترۆڵی دوو لایەنە سەرەکییەکەی (پارتی و یەکێتی) دەرچووە، بۆیە ئەگەر لە خولی یەکەمی پەرلەماندا بە پێکهاتەکانەوە (٤) فراکسیۆن بوونیان هەبووبێت، بەڵام لە خولی پێنجەمدا زیادی کردووە و (١٦) فراکسیۆن توانیویانە بگەنە پەرلەمان، ئەمەش بەشێکی پەیوەستە بەو جیاوازییەی لە لابردنی کۆسپی ڕێژەی (٧٪) هاتووەو بەشەکەی تریشی پەیوەستە بەو گۆڕانکاریانەی لە نەخشەی سیاسیی هەرێمدا هاتبوونە کایەوە. بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە خشتەی (٣).

**خشتەی (٣)**

**بەراوردی ژمارەی لیستەکان و بەشداریان لە پێنج هەڵبژاردندا**

| ز | خولی پەرلەمان | لیستە سەرکەوتووەکان | لیستە سەر نەکەوتووەکان | سەرجەم لیستە بەشداربووەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١. | خولی یەکەم | 4 | 7 | 11 |
| ٢. | خولی دووەم | 3 | 10 | 13 |
| ٣. | خولی سێیەم | 11 | 13 | 24 |
| ٤. | خولی چوارەم | 17 | 14 | 31 |
| ٥. | خولی پێنجەم | 16 | 13 | 29 |
| | سەرجەم | 51 | 57 | 108 |




**شێوەی (٢)**

**لیستە بەشداربووەکان لە پێنج هەڵبژاردندا**

## چوارەم: ڕێژەی دەنگی کورسییە گشتییەکان لە پێنج هەڵبژاردندا

ئەگەر بڕوانینە ژمارەی دەنگ و کورسی پارتە سەرەکییەکان، لەمەشیاندا هەڵکشان و داکشانی بەرچاوی هێزە سیاسییەکان دەبینرێت، هەروەك لە خشتەکانی ژمارە (٤-٧) دا دەردەکەوێت خول لەدوای خول گۆڕانکاری بەسەر ژمارەی کورسییەکانیاندا هاتووە:

### خشتەی (٤)

### بەراوردی دەنگی لیستەکان لە پێنج هەڵبژاردندا-کورسی گشتی

| ز | قەوارەی سیاسی | خولەکانی پەرلەمان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم (١٩٩٢) | | دووەم (٢٠٠٥) | | سێیەم (٢٠٠٩) | | چوارەم (٢٠١٣) | | پێنجەم (٢٠١٨) | |
| | | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی |
| ١. | پارتی دیموکراتی کوردستان | 437.789 | 50 | 1.570.663 | 40 | 1.076.370 | 30 | 743984 | 38 | 688.070 | 45 |
| ٢. | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 423.833 | 50 | | 39 | | 29 | 350500 | 18 | 319.912 | 21 |
| ٣. | حزبی شیوعی | 21123 | 0 | - | 3 | 15.028 | 1 | 12392 | 1 | 8.063 | 1 |
| ٤. | بزوتنەوەی ئیسلامی | 49108 | 0 | - | 0 | 27.147 | 2 | 21834 | 1 | 00 | 0 |
| ٥. | حزبی سۆسیالیستی کوردستان | 24882 | 0 | - | 2 | 240.842 | 2 | 12501 | 1 | 15.581 | 1 |
| ٦. | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | - | - | 85.237 | 6 | | 4 | 118574 | 6 | 109.494 | 7 |
| ٧. | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | - | - | - | 9 | | 6 | 186741 | 10 | 79.494 | 5 |
| ٨. | حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | - | - | 20.585 | 1 | | 1 | - | 0 | | 0 |
| ٩. | بزوتنەوەی گۆڕان | - | - | - | - | 445.024 | 25 | 476736 | 24 | 186.903 | 12 |
| ١٠. | یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی | - | - | - | 1 | 1.700 | 0 | 1.717 | 0 | | 0 |
| ١١. | پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی | - | - | - | 1 | 3.770 | 0 | 8681 | 1 | | 0 |
| ١٢. | نەوەی نوێ | - | - | - | - | - | - | - | - | 127.115 | 8 |
| | سەرجەم | | 100 | | 102 | | 100 | | 100 | | 100 |

### تێبینی:

١-لەم خشتەیەدا تەنها ناوی ئەو لیست و قەوارەو پارتانە نوسراوە کە بەدرێژایی هەر پێنج خولی پەرلەمان لە هەڵبژاردنەکاندا کورسیان بەدەستهێناوە.

٢-لە خولی دووەمدا لایەنە سیاسییەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی شیوعی، حزبی سۆسیالیست، یەکگرتووی ئیسلامی، یەکێتی نەتەوەیی، پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران، تورکمانەکان و ئاسورییەکان) بەیەك لیست دابەزیبوون بۆیە ناتوانرێت ژمارەو ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتوویان دیاریبکرێت. هەر لەم هەڵبژاردنەدا هەریەکە لە (کۆمەڵی ئیسلامی و حزبی زەحمەتکێشان) بە لیستی جیا دابەزیبوون بۆیە دەنگی ئەوان دیاریکراوە.

٣-لە خولی سێیەمدا هەریەك لە (یەکگرتوی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، حزبی سۆسیالیست، حزبی زەحمەتکێشان) بەیەك لیست بەناوی (لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی) بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، بۆیە دەنگەکانیان بەوردی دیاری ناکرێت و بەیەکەوە نوسراوە.

٤-لە خولی چوارەمدا هەریەکە لە (حزبی زەحمەتکێشان و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران) بەیەك لیست دابەزیبوون بەناوی (لیستی ئاراستەی سێیەم) و یەك کورسیان بەدەستهێنا و کورسیەکەش بەر پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران کەوت کە بڕیار بوو هەر دوو ساڵ بۆ حزبێکیان بێت بەڵام ئەم ڕێکەوتنە کاری پێ نەکرا، بۆیە ئەو دەنگەی بۆ ئەم کورسییە بەدەستهاتووە بۆ هەردوو حزب دەگەڕێتەوە.

٥-لە خولی پێنجەمدا هەریەك لە (یەکگرتووی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی) بەیەکەوە بەیەك لیست بەشداریان کردبوو بەناوی (لیستی ئیسلاح)، بۆیە دەنگەکان بۆ هەردوو لایەنی سیاسی دەگەڕێتەوە.

٦-لە خولی پێنجەمدا هەردوو لایەنی (حزبی سۆسیالیست و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران) بەیەکەوە بەیەك لیست بەشداریان کردبوو بەناوی (لیستی سەردەم)، بۆیە دەنگەکان بۆ هەردوو لایەنی سیاسی دەگەڕێتەوە

## پێنجەم: ڕێژەی دەنگی کورسیی کۆتای کریستیانەکان (کلدان سریان ئاشور) لە پێنج هەڵبژاردندا

پێکهاتەی مەسیحییەکان (کریستیان) لە خولی یەکەمی پەرلەماندا پێنج کورسیان بۆ دەستنیشان کرابوو کە لە دواتردا بە (کلدان سریان ئاشور) ناسران، بەڵام لە خولی دووەمدا بە چوار کورسی بەشدار بوون و کورسیەکەی تریان لەلایەن ئەرمەنێکەوە کە هاو ئاین بوون بەشداری یان کرد. لە خولەکانی تردا (سێیەم و چوارەم و پێنجەم) بە پێنج کورسی بەشداریان کردووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە جیاوازیی دەنگەکانیانە لەهەریەک لە خولەکاندا. لە خولی سێیەمدا زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردن هەیە بۆ پێکهاتەی (کلدان سریان ئاشور)، کە ڕێی تێدەچێت هۆکارەکەی دەستێخستن و بەکارهێنانی پێگەی پێکهاتەکان بێت لە بەرژەوەندی لایەنە باڵادەستەکاندا. چونکە لەو خولەدا پارتی و یەکێتی بەیەکەوە بەیەک لیست بەشداریان کردبوو. هەروەك ئەم ڕاستییەش لە خشتەی (٥) دا دەردەکەوێت. کە ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتووی پێکهاتەی کریستیانەکان کە کورسیان بەدەستهێناوە لە هەریەك لە هەڵبژاردنەکان بەم شێوەیە:

١-خولی یەکەم (١٩٩٢): لە کۆی (971.953) دەنگدەر (9300) دەنگیان بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی (0.95)ی کۆی ئەوانەی دەنگیانداوە.

٢-خولی دووەم (٢٠٠٥): ژمارەو ڕێژەی دەنگدان ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت چونکە لەچوارچێوەی لیستی (نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان)دا بەشداری هەڵبژاردنیان کردبوو.

٣-خولی سێیەم (٢٠٠٩): لە کۆی (1.876.196) دەنگدەر (16285) دەنگیان بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی (0.86)ی کۆی ئەوانەی دەنگیانداوە.

٤-خولی چوارەم (٢٠١٣): لە کۆی (1.968.775) دەنگدەر (12968) دەنگیان بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی (0.65)ی کۆی ئەوانەی دەنگیانداوە.

٥-خولی پێنجەم (٢٠١٨): لە کۆی (1.845.979) دەنگدەر (13785) دەنگیان بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی (0.74)ی کۆی ئەوانەی دەنگیانداوە.

### خشتەی (٥)

### بەراوردی دەنگی لیستەکان لە پێنج هەڵبژاردندا- کورسی کۆتای کریستیانەکان

| ز | قەوارەی سیاسی | خولەکانی پەرلەمان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم (١٩٩٢) | | دووەم (٢٠٠٥) | | سێیەم (٢٠٠٩) | | چوارەم (٢٠١٣) | | پێنجەم (٢٠١٨) | |
| | | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی |
| ١. | بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری | 6543 | 4 | - | 2 | - | 0 | - | 0 | - | 0 |
| ٢. | یەکگرتووی مەسیحیەکانی کوردستان | 2757 | 1 | - | - | - | 0 | - | 0 | - | 0 |
| ٣. | لیستی دیموکراتی بین النهرین | - | - | - | 1 | - | - | - | - | - | - |
| ٤. | بێلایەن | - | - | - | 1 | - | - | - | - | - | - |
| ٥. | رافیدەین | - | 0 | - | - | 5.690 | 2 | 6145 | 2 | 2.626 | 1 |
| ٦. | ئه نجومەنی گەلی کلدان سریان ئاشور | - | 0 | - | - | 10.595 | 3 | 5730 | 2 | 2.963 | 1 |
| ٧. | ابناء النهرین | - | 0 | - | - | - | 0 | 1093 | 1 | 108 | 0 |
| ٨. | لیستی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | - | 0 | - | - | - | 0 | - | 0 | 8.088 | 3 |
| | سەرجەم | 9300 | 5 | - | 4 | 16285 | 5 | 12968 | 5 | 13785 | 5 |

## شەشەم: ڕێژەی دەنگی کورسیی کۆتای پێکهاتەی تورکمان لە چوار هەڵبژاردندا

پێکهاتەی تورکمان لە خولی دووەمی پەرلەماندا بە چوار کورسی بەشداریان کرد، بەڵام لە خولی سێیەم بەدواوە هەمیشە پێنج کورسیان لە پەرلەماندا هەبووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە جیاوازیی دەنگەکانیانە لەهەریەك لە خولەکاندا. لە خولی سێیەمدا زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردن هەیە بۆ پێکهاتەی (تورکمان)، کە ڕێی تێدەچێت هۆکارەکەی دەستێخستن و بەکارهێنانی پێگەی پێکهاتەکان بێت لە بەرژەوەندی لایەنە باڵادەستەکاندا. چونکە لەو خولەدا پارتی و یەکێتی بەیەکەوە بەیەك لیست بەشداریان کردبوو. هەروەك ئەم ڕاستییەش لە خشتەی (٦) دا دەردەکەوێت. کە ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتووی پێکهاتەی تورکمان کە کورسیان بەدەستهێناوە لە هەریەك لە هەڵبژاردنەکان بەم شێوەیەیە:

١–خولی یەکەم (١٩٩٢): پێکهاتەی تۆرکمان لەم خولەدا بەشداریان نەکرد و کورسیان نەبوو.

٢–خولی دووەم (٢٠٠٥): ژمارەو ڕێژەی دەنگدان ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت چونکە لەچوارچێوەی لیستی (نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان)دا بەشداری هەڵبژاردنیان کردبوو.

٣–خولی سێیەم (٢٠٠٩): لە کۆی (1.876.196) دەنگدەر (29447) دەنگیان بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی (1.56)ی کۆی ئەوانەی دەنگیانداوە.

٤–خولی چوارەم (٢٠١٣): لە کۆی (1.968.775) دەنگدەر (10889) دەنگیان بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی (0.55)ی کۆی ئەوانەی دەنگیانداوە.

٥–خولی پێنجەم (٢٠١٨): لە کۆی (1.845.979) دەنگدەر (8876) دەنگیان بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی (0.48)ی کۆی ئەوانەی دەنگیانداوە.

### خشتەی (٦)

### بەراوردی دەنگی لیستەکان لە چوار هەڵبژاردندا- کورسی کۆتای تورکمانەکان

| ز | قەوارەی سیاسی | خولەکانی پەرلەمان | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووەم (٢٠٠٥) | | سێیەم (٢٠٠٩) | | چوارەم (٢٠١٣) | | پێنجەم (٢٠١٨) | |
| | | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی |
| ١. | بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمانی کوردستان | - | 1 | 18.464 | 3 | - | 0 | | 0 |
| ٢. | بێلایەن | - | 3 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ٣. | تورکمانی هەولێر | - | - | 3.906 | 1 | 1951 | 1 | | 0 |
| ٤. | چاکسازی تورکمانی | - | - | 7.077 | 1 | - | 0 | | 0 |
| ٥. | لیستی چاکسازی تورکمانی | - | - | ؟ | ؟ | - | 0 | 3.125 | 1 |
| ٦. | بەرەی تورکمانی | - | - | - | 0 | 1753 | 1 | 1.545 | 1 |
| ٧. | پێشکەوتنی تورکمان | - | - | - | 0 | 5259 | 2 | | 0 |
| ٨. | گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | - | - | - | 0 | 1926 | 1 | | 0 |
| ٩. | لیستی میللەت | - | - | - | 0 | - | -0 | 888 | 1 |
| ١٠. | پارتی گەشە پێدانی تورکمانی | - | - | | 0 | - | 0 | 3.318 | 2 |
| | سەرجەم | - | 4 | 29447 | 5 | 10889 | 5 | 8876 | 5 |

## حەوتەم: ڕێژەی دەنگی کورسیی کۆتای پێکهاتەی ئەرمەن لە چوار هەڵبژاردندا

پێکهاتەی ئەرمەن بەپێی یاسا یەك کورسی کۆتایان بۆ دەستنیشانکراوە، لە خولی دووەمەوە هەمیشە بە کورسیەك بەشداریان کردووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە جیاوازیی دەنگەکانیانە لەهەریەك لە خولەکاندا. لە خولی سێیەمدا زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردن هەیە بۆ پێکهاتەی (ئەرمەن)، کە ڕێی تێدەچێت هۆکارەکەی دەستێخستن و بەکارهێنانی پێگەی پێکهاتەکان بێت لە بەرژەوەندی لایەنە باڵادەستەکاندا. چونکە لەو خولەدا پارتی و یەکێتی بەیەکەوە بەیەك لیست بەشداریان کردبوو. هەروەك ئەم ڕاستییەش لە خشتەی (٧) دا دەردەکەوێت. کە ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتووی پێکهاتەی کریستیانەکان کە کورسیان بەدەستهێناوە لە هەریەك لە هەڵبژاردنەکان بەم شێوەیەیە:

١-خولی یەکەم (١٩٩٢): پێکهاتەی ئەرمەن لەم خولەدا بەشداریان نەکرد و کورسیان نەبوو.

٢-خولی دووەم (٢٠٠٥): ژمارەو ڕێژەی دەنگدان ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت چونکە لەچوارچێوەی لیستی (نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان)دا بەشداری هەڵبژاردنیان کردبوو.

٣-خولی سێیەم (٢٠٠٩): لە کۆی (1.876.196) دەنگدەر، نوێنەری ئەرمەن (4198) دەنگی بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی (0.22)ی کۆی ئەوانەی دەنگیانداوە.

٤-خولی چوارەم (٢٠١٣): لە کۆی (1.968.775) دەنگدەر، نوێنەری ئەرمەن (531) دەنگی بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی (0.02)ی کۆی ئەوانەی دەنگیانداوە.

٥-خولی پێنجەم (٢٠١٨): لە کۆی (1.845.979) دەنگدەر، نوێنەری ئەرمەن (615) دەنگی بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی (0.03)ی کۆی ئەوانەی دەنگیانداوە.

### خشتەی (٧)
### بەراوردی دەنگی لیستەکان لە چوار هەڵبژاردندا- کۆتای ئەرمەن

| ژ | قەوارەی سیاسی | خولەکانی پەرلەمان | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووەم (٢٠٠٥) | | سێیەم (٢٠٠٩) | | چوارەم (٢٠١٣) | | پێنجەم (٢٠١٨) | |
| | | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی |
| ١. | بایزار ملكو اوهان سركیس | - | 1 | - | - | - | - | - | - |
| ٢. | ئارام شاین داود باكویان | - | - | 4198 | 1 | - | - | - | - |
| ٣. | یروانت نیسان ماركوس | - | - | - | - | 531 | 1 | 590 | 0 |
| ٤. | فاهیك كمال سرانیان | - | - | - | - | - | - | 615 | 1 |
| | سەرجەم | - | 1 | 4198 | 1 | 531 | 1 | 615 | 1 |

## تۆماری دەنگدەران، گرفتێکی بەردەوام

یەکێك لەپایە سەرەکیەکانی هەموو هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد، بوونی تۆمارێکی دەنگدەرانی پوختە، کە بریتییە لەو بەڵگەنامەیەی کە ئاماری دەنگدەران لەخۆ دەگرێت و ناوەکانی بەزنجیرە تیادا تۆمار دەکرێت، سەرەڕای ناوی بنەماڵەو ناوی دایك و مێژووی لەدایکبوون و شوێنی نیشتەجێبوونیشی تێدا دیاری دەکرێت. بەبێ ئەم تۆمارە ناکرێ باس لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراسیانە بکرێت. بۆیە پێویستە هاوڵاتیان بتوانن بەیەکسانی و بەپێی رێ و شوێنە بڕیار لێدراوەکان و پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ناویان تۆمار بکرێت و بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، هەر وەك لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ، و پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان، و جاڕنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و پاك و دوور لە هەر جۆرە جیاکارییەکدا هاتووە. لەهەمان کاتدا دەبێت مافی تانە لێدانیشیان بۆ فەراهەم کرابێت، لەکاتێکدا ئەگەر بەهەر هۆکارێکەوە بێت رێگایان لێگیرابێت لە تۆمارکردنی ناوەکانیان و بێبەشکرابن لە بەشداریکردن لەهەڵبژاردن.

لەهەڵبژاردنەکانی پێشووتری هەرێمی کوردستاندا هەمیشە تۆماری دەنگدەران لەنێوان قەوارە سیاسیەکاندا جێگەی مشتومڕ و خاڵی ناکۆکی بووە، چونکە تا ئێستا نەتوانراوە ئەم پرسە وا رێکبخرێت کە لەئاستی داواکاری قەوارە سیاسیەکاندا بێت و جێگەی متمانەیان بێت.

لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەماندا لە ١٩٩٢/٥/١٩ کە بەرەی کوردستانی ئەنجامیدا، بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی کوردستان "هەموو هاوڵاتیەکی هەرێمی کوردستان مافی دەنگدانی هەبوو، بەمەرجێك هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێت و تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت".

لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا هیچ تۆمارێکی دەنگدەران نەبوو، هەر بۆیە هەموو هاوڵاتیەك مەرجە یاساییەکەی تیادا بووایە دەیتوانی بچێتە بنکەکانی دەنگدان و دەنگ بدات، بۆ ئەوەی کەسی دەنگدەر زیاد لەجارێك دەنگ نەدات و رێگە لەساختەکاری بگیرێت، وێرای ئەوەی بە مەرەکەبێك پەنجەی رەنگ دەکرا، ئەو پێناسەیەی هاوڵاتی دەنگدەر پێی بوو (احوال مدنی) کونێکی لێ دەکرا تا دووبارە دەنگ نەداتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گزی و ساختەکاری کراو لایەنە سیاسییەکان یەکتریان تۆمەتبار دەکرد و بەڵگەکانیان لە دژی یەکتری دەخستە روو.

هەڵبژاردنی خولی دووەم لەرۆژی ٣٠ کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدرا، کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان. ئەمە یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو کەدوای رووخانی رژێمی بەعس لەکوردستان و عێراق ئەنجام درا. لەم هەڵبژاردنەدا دانیشتوانی کوردستان جیا لەدانیشتوانی ناوچەکانی تری عێراق لەیەك کاتدا دەنگیان بۆ هەڵبژاردنی سێ ئەنجومەنی جیادا، ئەوانیش: پەرلەمانی کوردستان، کەلەسنووری پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێرو دهۆك) ئەنجامدرا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان.

ئەم هەڵبژاردنە بەسیستمی (نوێنەرایەتی رێژەیی) بەڕێوەچوو. کە (٢,٢٩٠,٧٣٦) کەس لەدانیشتوانی هەرێمی کوردستان مافی دەنگدانیان هەبوو و تیایدا (١,٧٥٣,٩١٩) کەس بەشداریان لەپرۆسەکەدا کرد کەدەکاتە رێژەی (٧٥.٦٪)ی سەرجەم دانیشتوانی هەرێم.

لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا کە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەنجامدرا، ئەم خولە جیاوازبوو لەخولەکانی تر، بەوەی ئۆپۆزسیۆن سەری هەڵداو چووە پەرلەمانەوە، لەهەرێم (٢,٤٠١,٧٩٥) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، لەو ژمارەیە (١,٨٧٦,١٩٦) کەس بەشدارییان لەدەنگدانەکەدا کرد کە دەیکردە رێژەی (٧٨,١٪) سەرجەم دەنگدەرانی هەرێم.

لەم خولەدا بەهۆی گومانی لایەنە سیاسییەکان لەتۆماری دەنگدەران و بوونی ژمارەیەکی زۆری ناوی ساختە لەتۆمارەکە، پەرلەمانتاران لەیاداشتێکدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردبوو و (٣٩) ئیمزای بەسەرەوە بوو داوای پاککردنەوەی تۆمارەکەیان دەکرد، لەئەنجامدا لەمانگی تەمموزی ٢٠١٣ دا بە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمان لە (٢٠١٣/٧/٧) لیژنەیەك پێکهات لەنوێنەرانی فراکسیۆنە جیاجیاکان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە، لیژنەکە دووای دوو مانگ کارکردن لەسەر دۆسیەکە و کۆبوونەوە و بەدواداچوون لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەك: (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، وەزارەتەکانی ناوخۆ و بازرگانی و تەندروستی) راپۆرتی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان نوسییەوە و تیایدا داواکرابوو کە ئەم تۆمارە سەدان هەزار ناوی مردوو و دووبارەو ساختەی تیایەو دەبێت پاك بکرێتەوە، بەپێی یاسا دەبوایە پەرلەمان کۆبوونەوە لەسەر ئەم راپۆرتە بکات و دووای خوێندنەوەی راسپاردەکانی بخرێتە دەنگدانەوە کە ئاخۆ ئەم تۆمارە پێویستە پاك بکرێتەوە یان نا؟ بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ئەوکاتە و گرژی و ململانێی لایەنە سیاسییەکان، سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئەو کاتە کەمتەرخەمیی کرد و گوێی لە راسپاردەکانی لیژنەکە نەگرت و راپۆرتەکەی پشتگوێ خست و کۆبوونەوەکەی ئەنجام نەدا. لە ئەنجامدا هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەهەمان تۆماری پڕ لە ساختەکاری بەڕێوە چوو، ئەو تۆمارەی کە بەپێی راپۆرتی لیژنەپەرلەمانیەکە سەدان هەزار لە ناوی مردوو و دووبارە و کەسانی دەرەوەی هەرێم خزێنرابوونە ناویەوە. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە ئەو جۆرە لە ساختەکارییە بە یاسایی بکرێت.

وێرای گزیی و ساختەکارییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا کە شاراوە نەبوون، هەم حزبە سیاسییەکان و هەم رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە چاودێر بوون دەستنیشانیان کردبوون و لەو سەردەمدا باسیان لێوە کرد، تۆماری دەنگدەرانیش بەشێکی سەرەکی و هۆکارێکی ساختەکارییەکە بوو.

بەکورتی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان پڕە لە خەوش و کەموکوڕی و شیاو نیە بۆ هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد، لێرەدا کەموکوڕییەکان لە چەند خاڵێکدا چڕ دەکەینەوە:

١-تا ئێستا ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نیەو نازانرێت هەم ژمارەی دانیشتووانی هەرێم چەندەو هەم چەند کەس مافی دەنگدانی هەیە تا ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار بکرێت. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەی جیاجیا هەیە.

٢-تۆماری دەنگدەران لە هەرێم پشتی بە فۆرمی کۆمپانیای خۆراك بەستووە، ئەم فۆرمەش لەساڵی ١٩٩٦ وەوە دروستکراوە، ئەو کەسانەی مردوون لە ساڵی ١٩٩٦ وەوە دەگمەن نەبێت ناویان لە تۆمارەکە نەسراوەتەوە.

٣-ئەو کەسانەی دانیشتووی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بوون و پێشتر لە هەرێم نیشتەجێ بوون بەڵام دواتر لەئەنجامی رێکارەکانی مادەی (١٤٠) گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان وەك پارێزگاکانی (کەرکوك، موسڵ، سەلاحەدین، دیالە و قەزای مەخمور) سەرباری ئەوەی ناویان لە تۆماری ناوچەکانی خۆیان هەیە لە تۆماری هەرێمی کوردستانیشدا ناویان هەر ماوەو نەسراوەتەوە.

٤-کاتێك وردبینی لە تۆمارەکە دەکرێت ژمارەیەکی زۆر ناوی دووبارەو سێ بارەی تیایە.

٥–ژمارەیەك لە كوردانی باكور (توركیا) و ڕۆژئاوا (سوریا) و ڕۆژهەڵات (ئێران) فۆرمی خۆراكیان بۆ دروستكراوە، ئەوانەی لەهەرێمدا نیشتەجێن و بەپێی یاسا ئیقامەیان هەیەو ڕەگەزنامەیان وەرگرتووە ئاساییە، بەڵام بەشێكیان بەساختە ناسنامەی باری شارستانیان بۆ دروستكراوەو (تعداد الفرعی)یان بۆ كراوەو ناویان خزێنراوەتە نێو تۆماری دەنگدەرانەوە كە لەڕاستیدا مافی دەنگدانیان نیە.

٦–دەنگدەرانی تایبەت (لە هێزەكانی ناوخۆ و ئاسایش و پێشمەرگە) كە ژمارەیان بە سەدان هەزار دەخەملێنرێت بەشێكیان دوو جار ناویان تۆمار كراوە، هەم لیستی تایبەت بەخۆیان (تۆماری دەنگدەرانی تایبەت) دا هەیە و هەم لە تۆمارە گشتیەكەش ناویان نەسڕاوەتەوەو دووجار دەنگ دەدەن.

لە مادەی (٣)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ دا هاتووە: "كۆمسیۆن دەستەیەكی پیشەیی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەن كەسایەتی مەعنەویی خۆیەتی و ملكەچە بۆ چاودێریی پەرلەمان و بەرپرسیاریشە لەبەرامبەریدا".

كەواتە تەنها پەرلەمان بۆی هەیە لەكاتی سەرپێچی و كەمتەرخەمی و بوونی كەموكوڕیدا بەدواداچوون بۆ كارەكانی بكات و لێپێچینەوە لەگەڵ كۆمسیۆن بكات، وە كۆمسیۆنیش تەنها بەرامبەر پەرلەماندا بەرپرسیارە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەكرێت خودی كۆمسیۆن نەیتوانیوە بەكارەكانی خۆی هەڵسێت، یاخود كەمتەرخەم بووە، یا سەرپێچی كردووە، یا ناڕاستەوخۆ ڕێگری لێ كراوە، بەڵام پەرلەمان هیچ لێپێچینەوەو بەدواداچوونێكی بۆ نەكردووە.

لە كاتێكدا لەكۆتایی خولی پێشووتریدا پەرلەمان لیژنەی لێكۆڵینەوەی سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران دروست كردبوو، سەرباری ئەوەی لیژنەكە كارەكانی خۆی ئەنجامدا، بەڵام بەبیانووی نەبوونی كات و نزیكبوونەوەی وادەی هەڵبژاردن هیچ هەنگاوێك نەنرا، كەچی خولەكانی دواتر (چوارەم و پێنجەم) بەهەمان شێوەی پێشوو هەوڵی پاك كردنەوەی تۆمارەكەیان نەدا، داوایان لە كۆمسیۆن نەكرد تۆمارەكە پاك بكەنەوە، لێپێچینەوەیان لەگەڵدا نەكردن، پەرلەمان نەك بەئەركی خۆی هەڵنەسا بەڵكو گوێی لەو ئەندام پەرلەمانانەش نەگرت كە یاداشت و بەڵگەی پێویستیان ئاراستەی سەرۆكایەتیەكەی كردبوو.

بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین بەرپرسی یەكەم لەئاست ئەم پێشێلكارییە پەرلەمانی كوردستانە، چونكە تاكە دەزگایە كە بەپێی یاسا بتوانێت لێپێچینەوە لەكۆمسیۆن بكات و حكومەت و دام و دەزگا فەرمیە پەیوەندارەكان بكات و مولزەمیان بكات لەدابینكردنی پێداویستیەكاندا هاوكاریی كۆمسیۆن بكەن و كارئاسانیی بۆ بكەن. بەڵام پەرلەمان بە كاری خۆی هەڵنەستاو ئەركەكانی خۆی لەم بوارەدا جێبەجێ نەكرد.

جگە لە پەرلەمان، لایەنە سیاسییەكانیش سەرباری ئەوەی ڕاستیەكانیان دەزانی و بەڵگەو دۆكیۆمێنتەكانی ساختەكاریی تۆمارەكەیان لەبەردەستدابوو، كەچی لەكاتی پێویستدا هیچ هەوڵێكی پاك كردنەوەی تۆمارەكەیان نەداو بێدەنگ بوون لەئاستیدا، بەدرێژایی چوار ساڵ و پێنج ساڵی تەمەنی پەرلەمان هیچ هەنگاوێكیان نەنا، خەمسارد بوون لەهەمبەر كەموكوڕی و كارە نایاساییەكانی تۆمارەكەدا. تەنها لەوادەی بەرلە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بیریان دەكەوێتەوە تا وەك كارتێك بەكاری بێنن بۆ دەسكەوتنی پۆستی زیاتر و سەپاندنی مەرجەكانیان.

هۆكاری ئەم هەڵوێستەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە:

١–لەوە دەچێت هەندێك لەحزبە سیاسیە باڵادەستەكان ئەم ناڕوونیەو بوونی ئەم ژمارە زۆرەی ناوی ساختەو مردوو و دووبارەیە لەبەرژەوەندییاندا بێت و لەكاتی هەڵبژاردندا بەكاری بێنن!

٢-پاك كردنەوەی تۆماری دەنگدەران كاتی پێویستە، لەكاتی ئاساییدا كاریان لەسەر نەكردووەو لەئێستاشدا بەبیانووی دووانەخستنی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی ئۆباڵەكەی نەكەوێتە ئەستۆیان، هەندێك لەحزبەكان جۆرێك لە موزایەدە دەكەن كە گوایە رێگەنادەن هەڵبژاردن دووا بكەوێت!

جگە لەم خاڵانە هۆكارێكی لۆژیكی تر نیە كە هیچ كام لە حزبە سیاسییەكان هەوڵوێستێكیان بەدی ناكرێت. ئەمە لەكاتێكدا كەرازی بوون بەهەڵبژاردن بەم تۆماری دەنگدەرانە بەیاسایی كردنی گزی و ساختەكارییەو ئۆباڵەكەشی لە ئەستۆی هەموو ئەو حزبانەیە كە پێی رازین و چەسپاندنی ئەم تۆمارە پڕ لە پۆخڵەواتەیە كەسیستەمی سیاسیی هەرێم و دامودەزگا فەرمی و شەرعیەكانی لەسەر بنیات دەنرێت.

ئەگەر وانیە بۆچی لە خولی سێیەمی پەرلەماندا (٢٠١٣) كاتێك لیژنەیەكی پەرلەمانی بۆ ئەم مەسەلەیە پێكهات، بڕیاری لیژنەكەو راسپاردەكانی لە راپۆرتێكدا ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كرا، ئەوكاتە سەرۆكایەتی بەدەست پارتی و یەكێتیەوە بوو، هەردوو حزب هاوهەڵوێست ئامادەنەبوون كۆبوونەوەی پەرلەمانی لەسەر بكەن و راپۆرتەكە بخەنە دەنگدانەوە! ئەگەر وا نیە بۆچی هەمان كات حزبەكانی گۆڕان و كۆمەڵ و یەكگرتوو بێدەنگیان هەڵبژارد و هیچ هەڵوێستێكیان لەسەر ئەم هەموو ساختەكارییەی تۆماری دەنگدەران نەبوو!

ئەگەر وانیە بۆچی لەخولەكانی چوارەم و پێنجەمی پەرلەماندا كە (١٠)ساڵیان لەبەردەستدابوو، نە سەرۆكایەتی پەرلەمان و نە هیچكام لە فراكسیۆنەكان هەوڵی پاك كردنەوەیان نەدا و یاداشتێكیان ئاراستەی لایەنە بەرپرس و پەیوەندیدارەكان نەكرد!

ئەگەر وانیە بۆچی لەماوەی كابینەی هەشتەمدا ئەو حزبانە هەموویان لەحكومەتدابوون، لەكابینەی نۆیەم هەرسێ لایەنی پارتی و یەكێتی و گۆڕان لە حكومەتدا بوون، دەیانتوانی ئەم ئەركە جێبەجێ بكەن، بەڵام نەیانكرد.

ئەگەر وانیەو حزبەكان كەمتەرخەم نین، خۆ هەر پێنج حزب (پارتی، یەكێتی، گۆڕان، كۆمەڵ و یەكگرتوو) نوێنەریان لە كۆمسیۆن هەیەو كۆمسیۆنەكە سەربەخۆ نیە بەڵكو سەربەخۆیانە! چ رۆژێك بانگی نوێنەرەكانیان كرد لەكۆمسیۆن بۆ ئەوەی ئەم تۆمارە پاك بكەنەوەو لەرێگەی خۆیانەوە فشار دروست بكەن! مەگەر وەڵامی رەخنەكان لەسەر بێلایەن بوونی كۆمسیۆن ئەوە نەبوو كە لایەنەكان خۆیان راستەوخۆ لەرێگەی كادرەكانیانەوە ئەركی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پاك بگرنە ئەستۆ !

بێگومان بەرپرسیارییەتی ئەم رەوشە نایاساییە لەئەستۆی هەر پێنج حزبە بەپێی سەنگ و قورساییان و هیچ كامیان لێی بەدەر نین.

## پێکهاتەی پەرلەمان

### یەکەم: بەشداریی بڕیاربەدەستانی حزبەکان لە سەرۆکایەتی پەرلەماندا

لە بەراوردی بەشداری هێز و قەوارە سیاسییەکان لەرووی بەشدارییان لـە دەسـتەی سـەرۆکایەتی، جیاوازییـەکان دەری دەخەن کە تا خولەکان بەرەو پێشەوە چووبن ژمارەی بڕیار بەدەستانی لایەنە سیاسییەکان لە پەرلەماندا کەم بوونەتەوە و حزبەکان کەمتر ئەندامە باڵاکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیان ناردۆتە پەرلەمانەوە، ئەم ڕاستییە لە خشتەی (٨)دا بە ڕوونی دەردەکەوێت:

**خشتەی (٨)**

**سەرۆك و جێگرانی پەرلەمان و پێگەیان لەناو حزبەکانیاندا**

| خول | ماوە | سەرۆك | لایەنی سیاسی | ج.سەرۆك | لایەنی سیاسی |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ١٩٩٢-١٩٩٢ | جەوهەر نامیق سالم | ئەندامی م.س پارتی | محەمەد تۆفیق ڕەحیم | ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی |
| یەکەم | ١٩٩٢-٢٠٠٠ | جەوهەر نامیق سالم | ئەندامی م.س پارتی | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا | سەربەخۆ لەسەر پشکی یەکێتی |
| یەکەم | ٢٠٠٠-٢٠٠٥ | ڕۆژ نوری شاوەیس | ئەندامی م.س پارتی | - | - |
| یەکەم | ٢٠٠٣-٢٠٠٥ | کەمال فوئاد | ئەندامی م.س یەکێتی | ڕۆژ نوری شاوەیس | ئەندامی م.س پارتی |
| دووەم | ٢٠٠٥-٢٠٠٩ | عەدنان موفتی | ئەندامی م.س یەکێتی | کەمال کەرکوکی | ئەندامی م.س پارتی |
| سێیەم | ٢٠٠٩-٢٠١٢ | کەمال کەرکوکی | ئەندامی م.س پارتی | ئەرسەلان بایز | ئەندامی م.س یەکێتی |
| سێیەم | ٢٠١٢-٢٠١٣ | ئەرسەلان بایز | ئەندامی م.س یەکێتی | حەسەن محەمەد سورە | ئەندامی سەرکردایەتی پارتی |
| چوارەم | ٢٠١٣-٢٠١٨ | یوسف محەمەد سادق | هەڵسوراوی گۆڕان | جەعفەر ئیمنیکی | ئەندامی م.س پارتی |
| پێنجەم | ٢٠١٩-٢٠١٩ | ڤالا فەرید | کادری پارتی | هێمن هەورامی | ئەندامی سەرکردایەتی پارتی |
| پێنجەم | ٢٠١٩-٢٠٢٣ | ڕێواز فایەق | کادری یەکێتی | هێمن هەورامی | ئەندامی سەرکردایەتی پارتی |

بەپێی ئەم خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە:

١-لە خولەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) دا سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلـەمان هەمیشـە ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسیی بوونەو دەسەڵات بەدەستی ناو حزبەکانیان بوونە، یاخود نزیك بوونە لە ناوەندی بڕیارەوە. تـەنها لـە خـولی یەکەمدا ماوەیەك (نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا) جێگری سەرۆکی پەرلەمان بووە وەك سەربەخۆ لەسەر لیستی یـەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆی کاندید کردبوو.

٢-لە خولی چوارەمی پەرلەماندا سەرۆك لەسەر پشکی بزووتنەوەی گۆڕان بوو و ئەندامی جڤاتی بزوتنەوەکە بوو، جێگری سەرۆکیش لەسەر پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبەکەی بوو.

٣-لە خولی پێنجەمـدا هـیچ کـام لەوانـەی بەدەسـتەی سـەرۆکایەتی هەڵبـژێردران مەکتـەبی سیاسـی حزبـەکانیان نـەبوون، لـە قۆنـاغی یەکەمـدا هەریـەك لـە (ڤـالا فەریـد) وەك سـەرۆکی پەرلـەمان و (هـێمن هـەورامی) وەك جێگـر دەستنیشان کران و یەکەمیان کادیری پارتی و دووەمیان سەرکردایەتی بوو، دواتر (ڕێواز فایەق) وەك سەرۆك لەسەر پشکی یەکێتی و (هێمن هەورامی) وەك جێگر لەسـەر پشـکی پـارتی، یـەکێکیان کـادری حزبەکـەی و ئـەوەی تریـان ئەندامی سەرکردایەتی بوو، بەڵام دواتر کاتێك حزبەکانیان کۆنگرەیان بەست بەهۆی ئەوەی ناوبراوان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بوون کران بە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی.

## دووەم: بەشداریی بڕیاربەدەستانی حزبەکان وەك ئەندامی پەرلەمان

لە ڕووی بەشداری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لایەنە سیاسییەکانیشەوە وەك ئەندامی پەرلەمان، تا هاتووە ژمارەکان کەم بوونەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لایەنە سیاسیە سەرەکییەکان (بەتایبەت پارتی و یەکێتی) خول لەدوای خول گرنگیدانیان بە پەرلەمان کەم کردۆتەوە و کەسانێکیان نەناردۆتە پەرلەمانەوە کە لەناوەندی بڕیاری حزبەکانیاندا بن. بۆ بینینی ڕێژەی ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ئەم دوو حزبە بە ڕوونی لە خشتەی (٩) دا خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (٩)**

**ڕێژەی ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لە پەرلەمان**

| ز | خولی پەرلەمان | پارتی دیموکراتی کوردستان | | | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مەکتەبی سیاسی | سەرکردایەتی | کادر | مەکتەبی سیاسی | سەرکردایەتی | کادر |
| ١. | یەکەم (١٩٩٢) | 3 | 5 | 47 | 7 | 9 | 34 |
| ٢. | دووەم (٢٠٠٥) | 1 | 3 | 35 | 2 | 3 | 34 |
| ٣. | سێیەم (٢٠٠٩) | 1 | 1 | 28 | 1 | 0 | 28 |
| ٤. | چوارەم (٢٠١٣) | 1 | 1 | 41 | 1 | 0 | 17 |
| ٥. | پێنجەم (٢٠١٨) | 0 | 1 | 44 | 0 | 0 | 21 |
| | سەرجەم | 6 | 11 | 195 | 11 | 12 | 134 |




**شێوەی (٣)**

**ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستاندا**

## سێیەم: ئاستی بڕوانامەی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا

سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری ئەندامانیش لە رووی بڕوانامەوە، پەرلەمانتاران بەسەر چەند ئاستێکدا دابەش دەبن، هەر لە بڕوانامەی سەرەتاییەوە تا ئاستی دکتۆرا، بە شێوەی جیاجیا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (١٠).

**خشتەی (١٠)**

**بڕوانامەی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا**

| ز | بڕوانامە | خولەکانی پەرلەمان | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم (١٩٩٢) | | دووەم (٢٠٠٥) | | سێیەم (٢٠٠٩) | | چوارەم (٢٠١٣) | | پێنجەم (٢٠١٨) | | سەرجەم | |
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| .١ | دکتۆرا | 12 | %11.43 | 8 | %7.20 | 15 | %13.51 | 20 | %18.01 | 9 | %8.12 | 64 | %11.65 |
| .٢ | ماجستێر | 1 | %0.95 | 7 | %6.30 | 14 | %12.62 | 13 | %11.71 | 16 | %14.41 | 51 | %9.28 |
| .٣ | بەکالۆریۆس | 52 | %49.53 | 56 | %50.46 | 52 | %46.85 | 54 | %48.61 | 61 | %54.95 | 275 | %50.09 |
| .٤ | دبلۆم | 11 | %10.48 | 17 | %15.32 | 13 | %11.71 | 10 | %9.07 | 9 | %8.12 | 60 | %10.92 |
| .٥ | دبلۆمی بالا | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 1 | %0.18 |
| .٦ | ئامادەیی | 13 | %12.38 | 12 | %10.82 | 11 | %9.91 | 8 | %7.20 | 7 | %6.30 | 51 | %9.28 |
| .٧ | ناوەندی | 9 | %8.57 | 7 | %6.30 | 6 | %5.40 | 5 | %4.50 | 6 | %5.40 | 33 | %6.01 |
| .٨ | سەرەتایی | 2 | %1.90 | 3 | %2.70 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 2 | %1.80 | 8 | %1.45 |
| .٩ | خوێندنی ئایینی | 5 | %4.76 | 1 | %0.90 | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 6 | %1.09 |
| سەرجەم | | 105 | %100 | 111 | %100 | 111 | %100 | 111 | %100 | 111 | %100 | 549 | %100 |




**شێوەی (٤)**

**بڕوانامەی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا**

## چوارەم: پسپۆریی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا

لە رووی پسپۆرییەوە، ئەو ئەندامانەی لەماوەی هەر پێنج خولدا چوونەتە پەرلەمانەوە بەسەر (٣٦) پسپۆریدا دابەش کراون، جگە لەوەی ئەو کەسانەی پسپۆریان دیارینەکراوە جیاکراونەتەوە، هۆکارەکەیشی ئەوە بووە لە دیارینەکردنی پسپۆریەکانیاندا چونکە بڕوانامەیان نەبووەو هیچ پسپۆرییەکی دیاریان نەبووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (١١).

### خشتەی (١١)

### پسپۆریی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا

| ز | پسپۆری | خولەکانی پەرلەمان | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم (١٩٩٢) | | دووەم (٢٠٠٥) | | سێیەم (٢٠٠٩) | | چوارەم (٢٠١٣) | | پێنجەم (٢٠١٨) | | سەرجەم | |
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ١. | یاسا | 18 | %17.14 | 22 | %19.82 | 32 | %28.83 | 28 | %25.22 | 26 | %23.42 | 126 | %22.95 |
| ٢. | پێشمەرگە و سەربازی | 21 | %20 | 13 | %11.71 | 10 | %9.01 | 8 | %7.21 | 4 | %3.60 | 56 | %10.20 |
| ٣. | خوێندنی ئاینی | 9 | %8.57 | 5 | %4.50 | 4 | %3.60 | 10 | %9.01 | 7 | %6.31 | 35 | %6.37 |
| ٤. | زمان و ئەدەبی کوردی | 7 | %6.67 | 9 | %8.11 | 5 | %4.50 | 7 | %6.31 | 3 | %2.70 | 31 | %5.65 |
| ٥. | ئەندازیاری | 12 | %11.43 | 6 | %5.40 | 5 | %4.50 | 3 | %2.70 | 0 | %0 | 26 | %4.73 |
| ٦. | کارگێڕی | 1 | %0.95 | 1 | %0.90 | 5 | %4.50 | 7 | %6.31 | 8 | %7.21 | 22 | %4.00 |
| ٧. | مێژوو و شوێنەوار | 0 | %0 | 2 | %1.80 | 3 | %2.70 | 4 | %3.60 | 7 | %6.31 | 16 | %2.97 |
| ٨. | پزیشکی | 2 | %1.90 | 4 | %3.60 | 4 | %3.60 | 2 | %1.80 | 3 | %2.70 | 15 | %2.73 |
| ٩. | ڕاگەیاندن | 0 | %0 | 0 | %0 | 2 | %1.80 | 4 | %3.60 | 8 | %7.21 | 14 | %2.55 |
| ١٠. | زانستی سیاسی | 0 | %0 | 0 | %0 | 5 | %4.50 | 4 | %3.60 | 4 | %3.60 | 13 | %2.37 |
| ١١. | زمان و ئەدەبی ئینگلیزی | 0 | %0 | 4 | %3.60 | 1 | %0.90 | 2 | %1.80 | 4 | %3.60 | 11 | %2.00 |
| ١٢. | کشتوکاڵ | 4 | %3.81 | 4 | %3.60 | 3 | %2.70 | 0 | %0 | 0 | %0 | 11 | %2.00 |
| ١٣. | ئابوری | 6 | %5.71 | 1 | %0.90 | 2 | %1.80 | 2 | %1.80 | 0 | %0 | 11 | %2.00 |
| ١٤. | کیمیا | 2 | %1.90 | 3 | %2.70 | 2 | %1.80 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 9 | %1.64 |
| ١٥. | ماتماتیک | 2 | %1.90 | 3 | %2.70 | 2 | %1.80 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 9 | %1.64 |
| ١٦. | هونەر و ئەدەب | 2 | %1.90 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 3 | %2.70 | 2 | %1.80 | 9 | %1.64 |
| ١٧. | پەیوەندی نێودەوڵەتی | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 4 | %3.60 | 6 | %1.09 |
| ١٨. | دەروونزانی | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 2 | %1.80 | 5 | %0.91 |
| ١٩. | ژمێریاری | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 0 | %0 | 3 | %2.70 | 5 | %0.91 |
| ٢٠. | زمان و ئەدەبی عەرەبی | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 2 | %1.80 | 0 | %0 | 2 | %1.80 | 5 | %0.91 |
| ٢١. | فیزیا | 0 | %0 | 2 | %1.80 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 5 | %0.91 |
| ٢٢. | کۆمەڵناسی | 1 | %0.95 | 1 | %0.90 | 2 | %1.80 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 5 | %0.91 |
| ٢٣. | بەرهەمهێنانی نەوت | 1 | %0.95 | 0 | %0 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 2 | %1.80 | 4 | %0.72 |
| ٢٤. | وەرزش | 0 | %0 | 0 | %0 | 2 | %1.80 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 4 | %0.72 |
| ٢٥. | بایۆلۆجی | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 2 | %1.80 | 3 | %0.55 |
| ٢٦. | پەرستاری | 0 | %0 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 2 | %1.80 | 0 | %0 | 3 | %0.55 |
| ٢٧. | کۆمەڵایەتی | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 0 | %0 | 3 | %0.55 |
| ٢٨. | ئامار | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 3 | %0.55 |
| ٢٩. | جیۆلۆجی | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 0 | %0 | 0 | %0 | 2 | %0.36 |
| ٣٠. | فەلسەفە | 0 | %0 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 1 | %0.90 | 0 | %0 | 2 | %0.36 |
| ٣١. | ڤێترنەری | 2 | %1.90 | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 2 | %0.36 |
| ٣٢. | بەڵێندەر | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 1 | %0.18 |
| ٣٣. | پلاندانان | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 1 | %0.18 |
| ٣٤. | زمان و ئەدەبی فارسی | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 0 | %0 | 1 | %0.18 |
| ٣٥. | زمانی عیبری | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 1 | %0.18 |
| ٣٦. | کۆمپیوتەر | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 0 | %0 | 1 | %0.90 | 1 | %0.18 |
| ٣٧. | دیارینەکردنی پسپۆری | 15 | %14.29 | 23 | %20.72 | 12 | %10.81 | 13 | %11.71 | 10 | %9.01 | 73 | %13.30 |
| | سەرجەم | 105 | %100 | 111 | %100 | 111 | %100 | 111 | %100 | 111 | %100 | 549 | %100 |

## پێنجەم: ئاستی تەمەنی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا

لە ڕووی تەمەنی ئەندامانەوە، بەراوردێکی ئەندامانی هەر پێنج خول کراوە، خول لەدوای خول تەمەنی گەنج تر چونەتە پەرلەمانەوە، کە لە پۆلینەکەماندا بەسەر (٦) ئاستی تەمەن دابەشمان کردوون، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (١٢).

بەپێی ئەم خشتەیە دەردەکەوێت کە لە ڕووی تەمەنەوە خولی پێنجەم گەنجترین خول دادەنرێت و خولی یەکەمیش بەتەمەنترین خول.

**خشتەی (١٢)**

**تەمەنی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا**

| ژ | ساڵی لە دایکبوون | خولی یەکەم | | خولی دووەم | | خولی سێیەم | | خولی چوارەم | | خولی پێنجەم | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی ٪ | ژمارە | ڕێژەی ٪ | ژمارە | ڕێژەی ٪ | ژمارە | ڕێژەی ٪ | ژمارە | ڕێژەی ٪ | ژمارە | ڕێژەی ٪ |
| ١. | ٢٧ تا ٢٩ ساڵ | 0 | 0 | 0 | 0 | 4 | 3.6 | 4 | 3.6 | 13 | 11.71 | 21 | 3.82 |
| ٢. | ٣٠ تا ٣٩ ساڵ | 24 | 22.85 | 29 | 26.13 | 35 | 31.53 | 40 | 36.03 | 36 | 32.43 | 164 | 29.87 |
| ٣. | ٤٠ تا ٤٩ ساڵ | 48 | 45.72 | 39 | 35.13 | 30 | 27.02 | 46 | 41.44 | 46 | 41.44 | 209 | 38.06 |
| ٤. | ٥٠ تا ٥٩ ساڵ | 21 | 20 | 34 | 30.63 | 40 | 36.03 | 16 | 14.41 | 11 | 9.9 | 122 | 22.22 |
| ٥. | ٦٠ تا ٦٩ ساڵ | 12 | 11.43 | 6 | 5.4 | 2 | 1.8 | 5 | 4.5 | 5 | 4.5 | 30 | 5.46 |
| ٦. | ٧٠ تا ٧٥ ساڵ | 0 | 0 | 3 | 2.7 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 3 | 0.54 |
| | **کۆی گشتی** | 105 | 100 | 111 | 100 | 111 | 100 | 111 | 100 | 111 | 100 | 549 | 100 |




**شێوەی (٥)**

**ئاستی تەمەنی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا**

## شەشەم: تێکڕای ئەوانەی بوونەتە ئەندامی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا

لە ڕووی ژمارەی ئەو ئەندامانی چوونەتە پەرلەمانەوە، لە خشتەی (١٣) ئاماژەی پێدراوە، مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە لە هەر خولێکدا لە ڕووی یاساییەوە چەند ئەندام بۆی هەبووە لە پەرلەمان بێت و کەچی تا کۆتایی خولەکە چەند کەس مافی ئەندامێتی وەرگرتووە.

لەوانە خولی یەکەم (١٠٥) ئەندام بوو، بەڵام بەهۆی درێژەکێشانی خولەکەوە (١٦٩) کەس بوونەتە ئەندام، واتە (٦٤) ئەندام لە میچی خۆی زیاتر. لە خولەکانی دواتریشدا (١١١) کەس بۆی هەبووە ببێت بە ئەندام، بەڵام ئەوانیش ژمارەی ئەو کەسانەی مافی ئەندامێتیان وەرگرتووە زیاتر بوون، لە هەر یەك لە خولەکانی: دووەم (٣) ئەندام، سێیەم (١٣) ئەندام، چوارەم (٨) ئەندام، پێنجەم تا ئێستا (١٢) ئەندام زیاتر مافی ئەندامیەتیان وەرگرتووە. بەپێی ئەمەش کۆی ئەو پەرلەمانتارانەی لە ڕێژەی یاسایی ژمارەی ئەندامان کە لەماوەی پێنج خولدا بوون بە ئەندام ژمارەیان (١٠٠) کەسە.

**خشتەی (١٣)**

**ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا**

| ز | خولی پەرلەمان | ژمارەی ئەندامان بە پێی یاسا | کۆی ژمارەی ئەوانەی بوونەتە پەرلەمانتار | ژمارەی زیادە |
|---|---|---|---|---|
| ١. | خولی یەکەم | 105 | 169 | 64 |
| ٢. | خولی دووەم | 111 | 114 | 3 |
| ٣. | خولی سێیەم | 111 | 124 | 13 |
| ٤. | خولی چوارەم | 111 | 119 | 8 |
| ٥. | خولی پێنجەم | 111 | 123 | 12 |
| | سەرجەم | 549 | 649 | 100 |




**شێوەی (٦)**

**ژمارەی زیادەی ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێنج خولدا**

### حەوتەم: دووبارە بوونەوەی ژمارەی ئەندامان لە هەڵبژاردنی پێنج خولدا

لـە رووی هەڵبژاردنـەوەی ئەنـدامان لـە خولێـك زیـاتر و دووبـارە بوونەوەیانـدا، هەنـدێك ئەنـدام هـەن دووبـارە بوونەتەوە، لەوانە لە خولی دووەمدا (٥) دووبارە، لە خولی سێیەم (٧) دووبارەو (٢) سێبارە، لە خولی چـوارەمدا (٥) دووبارە و (١) سێ بارە، لە خولی پێنجەمدا (١٣) دووبارە و (١) ئەندامیش سێبارە هەڵبژێردراوەتەوە.

**خشتەی (١٤)**

**دووبارەبوونەوەی ئەندامان لە هەڵبژاردنیان بۆ پەرلەمان**

| ز | خولی پەرلەمان | خولی یەکەم | خولی دووەم | خولی سێیەم | خولی چوارەم | خولی پێنجەم | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | ئەندام یەکەم جارە هەڵدەبژێردرێت | 105 | 106 | 102 | 104 | 97 | 515 |
| ٢. | ئەندام دووەم جارە هەڵدەبژێردرێت | 0 | 5 | 7 | 6 | 13 | 30 |
| ٣. | ئەندام سێیەم جارە هەڵدەبژێردرێت | 0 | 0 | 2 | 1 | 1 | 4 |
| | سەرجەم | 105 | 111 | 111 | 111 | 111 | 549 |




**شێوەی (٧)**

**دووبارەبوونەوەی ئەندامان لە هەڵبژاردنیان بۆ پەرلەمان**

## هەشتەم: پێکهاتەی ئایینی ئەندامان لە ماوەی پێنج خولدا

پێکهاتـەی پەرلـەمانی کوردسـتان لـەرووی ناسـنامەی ئـایینی ئەندامانـەوە بەسـەر هـەر چـوار ئـایینی (ئیسـلام، مەسیحی، ئێزیدی و کاکەیی) دابەشکراوە. لە ماوەی پێنج خولی پەرلەمانـدا (٥١٢) موسـولمان، (٢٩) مەسـیحی، (٦) ئێزیدی، (٢) کاکەیی چوونەتە پەرلەمانەوە.

**خشتەی (١٥)**

**پێکهاتەی پەرلەمان لە لایەنی ئایینی ئەندامانیەوە ماوەی پێنج خولدا**

| ز | خولی پەرلەمان | خولەکانی پەرلەمان | | | | | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم | دووەم | سێیەم | چوارەم | پێنجەم | |
| ١. | موسولمان | 97 | 103 | 104 | 104 | 103 | 512 |
| ٢. | مەسیحی | 6 | 5 | 6 | 6 | 6 | 29 |
| ٣. | ئێزیدی | 1 | 3 | 1 | 0 | 1 | 6 |
| ٤. | کاکەیی | 1 | 0 | 0 | 0 | 1 | 2 |
| | سەرجەم | 105 | 111 | 111 | 111 | 111 | 549 |




**شێوەی (٨)**

**پێکهاتەی پەرلەمان لە لایەنی ئایینی ئەندامانیەوە ماوەی پێنج خولدا**

## نۆیەم: پێکهاتەی نەتەوەیی ئەندامان لە ماوەی پێنج خولدا

پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەرووی پێکهاتەی نەتەوایەتی ئەندامانەوە بەسەر هەر چوار نەتەوەی (کورد، کلدان سریان ئاشور، تورکمان و ئەرمەن) دابەشکراوە. لە ماوەی پێنج خولی پەرلەماندا (٥٠٢) کورد، (٢٤) کلدان سریان ئاشور، (١٩) تورکمان و (٤) ئەرمەن چوونەتە پەرلەمانەوە.

**خشتەی (١٦)**

**پێکهاتەی پەرلەمان لە لایەنی نەتەوەیی ئەندامانیەوە ماوەی پێنج خولدا**

| ز | خولی پەرلەمان | خولەکانی پەرلەمان | | | | | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم | دووەم | سێیەم | چوارەم | پێنجەم | |
| ١. | کورد | 100 | 102 | 100 | 100 | 100 | 502 |
| ٢. | کلدان سریان ئاشور | 5 | 4 | 5 | 5 | 5 | 24 |
| ٣. | تورکمان | 0 | 4 | 5 | 5 | 5 | 19 |
| ٤. | ئەرمەن | 0 | 1 | 1 | 1 | 1 | 4 |
| سەرجەم | | 105 | 111 | 111 | 111 | 111 | 549 |




**شێوەی (٩)**

**پێکهاتەی پەرلەمان لە لایەنی نەتەوەیی ئەندامانیەوە ماوەی پێنج خولدا**

**دەیەم: پێکهاتەی رەگەزیی ئەندامان لە ماوەی پێنج خولدا**

پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەرووی رگەزی ژن و پیاوەوە، لە خولی یەکەمدا لە کۆی (١٠٥) ئەندام تەنها (٦)ی ژن بوون و باقیەکەی تری پیاو بوون، بەڵام لە خولەکانی دواتردا بەهۆی کرانەوەی زیاتر و دانانی رێژی کۆتا بۆ ژنان رێژەکە بەرز دەبێتەوە، بۆیە بەشێوەی گشتی لەماوەی پێنج خولدا لە کۆی (٥٤٩) ئەندام (١٤١)ی ژن و (٤٠٨)ی پیاون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (١٧).

**خشتەی (١٧)**

**پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی رەگەزەوە**

| ز | رەگەز | خولەکانی پەرلەمان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم | | دووەم | | سێیەم | | چوارەم | | پێنجەم | |
| | | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە |
| ١. | نێر | 99 | %94.3 | 82 | %73.87 | 71 | %63.96 | 78 | %70.27 | 77 | %69.37 |
| ٢. | مێ | 6 | %5.7 | 29 | %26.13 | 40 | %36.04 | 33 | %29.73 | 34 | %30.63 |
| کۆی گشتی | | 105 | %100 | 111 | %100 | 111 | %100 | 111 | %100 | 111 | %100 |




**شێوەی (١٠)**

**پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی رەگەزەوە**

# تەمەنی پەرلەمانی کوردستان

## یەکەم: جیاوازیی تەمەنی خولەکانی پەرلەمان

ئەگەر سەیرێکی تەمەنی خولەکانی پەرلەمان بکەین، جیاوازیی گەورە بەرچاو دەکەوێت، واتە هیچ کات بەپێی یاسا بەرێوە نەچووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (١٨).

**خشتەی (١٨)**

**ماوەی تەمەنی خولەکانی پەرلەمان**

| ز | خولی پەرلەمان | مێژووی تەمەنی خولەکە | ماوەی تەمەنی خولەکە |
|---|---|---|---|
| .١ | **خولی یەکەم** | ١٩٩٢/٦/٤ تا ٢٠٠٥/٦/٤ | (١٣) سال |
| .٢ | **خولی دووەم** | ٢٠٠٥/٦/٤ تا ٢٠٠٩/٨/٢٠ | (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١٦) ڕۆژ |
| .٣ | **خولی سێیەم** | ٢٠٠٩/٨/٢٠ تا ٢٠١٣/١١/١ | (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١١) ڕۆژ |
| .٤ | **خولی چوارەم** | ٢٠١٣/١١/١ تا ٢٠١٨/١١/٦ | (٥) ساڵ و (٥) ڕۆژ |
| .٥ | **خولی پێنجەم** | ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٣/٥/١٩ | (٤) ساڵ و (٦) مانگ و (١٣) ڕۆژ |
| | **کۆی گشتی** | **١٩٩٢/٦/٤ تاکو ٢٠٢٣/٥/١٩** | **(٣٠) ساڵ و (١١) مانگ و (٢٥) ڕۆژ** |

بەپێی ئەم خشتەی سەرەوە، دەردەکەوێت کە:

١-خولی یەکەم (١٩٩٢-٢٠٠٥) نۆ ساڵ لە ماوەی یاسایی خۆی لایداوە.

٢-خولی دووەم (٢٠٠٥-٢٠٠٩) دوو مانگ و شانزە ڕۆژ لە ماوەی یاسایی خۆی لایداوە.

٣-خولی سێیەم (٢٠٠٩-٢٠١٣) دوو مانگ و یانزە ڕۆژ لە ماوەی یاسایی خۆی لایداوە.

٤-خولی چوارەم (٢٠١٣-٢٠١٨) یەك ساڵ و پێنج ڕۆژ لە ماوەی یاسایی خۆی لایداوە.

٥-خولی پێنجەم (٢٠١٨-٢٠٢٣) تا ئەم مێژووە (٢٠٢٣/٥/١٩) شەش مانگ و سیانزە ڕۆژ لە ماوەی یاسایی خۆی لایداوەو بەردەوامیش دەبێ تا ساڵێك و چوار مانگ.

### دووەم: دواخستنی هەڵبژاردنەکان و درێژکردنەوەکانی تەمەنی پەرلەمان

هۆکاری جیاوازی تەمەنی خولەکانیش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بەهۆی ململانێی نێوان پارتە سیاسیەکانەوە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدراوەو هەمیشە خولەکانی پەرلەمان تەمەنی خۆیان درێژ کردۆتەوە، هەر وەك لەو خشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە پەرلەمان لەماوەی تەمەنیدا (٨) جار تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە، لە خولی یەکەمدا چوار جار و لە هەر چوار خولەکەی تریشدا هەریەکەو جارێك تەمەنی خۆیان درێژ کردۆتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (١٩).

**خشتەی (١٩)**

**درێژکردنەوەی تەمەنی خولەکانی پەرلەمان**

| ز | خولی پەرلەمان | ژمارەی دواخستنەکانی پەرلەمان | ماوەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان |
|---|---|---|---|
| ١. | خولی یەکەم | 4 | نۆ ساڵ |
| ٢. | خولی دووەم | 1 | (٢) مانگ و (١٦) رۆژ |
| ٣. | خولی سێیەم | 1 | (٢) مانگ و (١١) رۆژ |
| ٤. | خولی چوارەم | 1 | یەك ساڵ و پێنج رۆژ |
| ٥. | خولی پێنجەم | 1 | یەك ساڵ و چوار مانگ |
| کۆی ماوەی دواخستن | | ٨ جار دواخراوە | ماوەی (١٢) ساڵ و (٦) مانگ و (٢) رۆژ پەرلەمان لە پاشە |

## وەزیفەکانی پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لە تەمەنی خۆیدا بۆ هەموو مەبەستەکانی یاسادانان و چاودێریکردن و پەسەندکردنی بودجەو بەدواداچوونی گرفتەکانی هاولاتیان و بۆنەو مەراسیمە نیشتیمانییەکانیشەوە (٧٦) دانیشتنی نائاسایی و (١١٥٢) دانیشتنی ئاسایی ئەنجامداوە کە تێکڕای دەکاتە (١٢٢٨) دانیشتن. لە خشتەی (٢٠) دا وردەکاریی دانیشتنەکان و کارایی هەر خولێك خراوەتە روو، کە ئاخۆ کامە خول دانیشتنی زیاتری ئەنجامداوە.

**خشتەی (٢٠)**

**بەراوردی خولەکان لەرووی ژمارەی دانیشتنەکانەوە**

| ز | خولی پەرلەمان | دانیشتنەکانی پەرلەمان | | | ماوەی خول | ماوەی خولەکە بە رۆژ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ئاسایی | نا ئاسایی | سەرجەم | | | |
| ١. | خولی یەکەم | 477 | 20 | 497 | (١٣) سال | 4748 | یەك دانیشتن= 9.55 رۆژ |
| ٢. | خولی دووەم | 220 | 24 | 244 | (٤) سال و (٢) مانگ و (٦) رۆژ | 1537 | یەك دانیشتن= 6.29 رۆژ |
| ٣. | خولی سێیەم | 245 | 27 | 272 | (٤) سال و (٢) مانگ و (١١) رۆژ | 1532 | یەك دانیشتن= 5.63 رۆژ |
| ٤. | خولی چوارەم | 98 | 4 | 102 | (٥) سال و (٥) رۆژ | 1831 | یەك دانیشتن= 17.95 رۆژ |
| ٥. | خولی پێنجەم | 112 | 1 | 113 | (٤) سال و (٦) مانگ و (١٣) رۆژ | 1656 | یەك دانیشتن= 14.65 رۆژ |
| | سەرجەم | 1152 | 76 | 1228 | (٣٠) سال و (١١) مانگ و (٢٥) رۆژ | 11304 | |




**شێوەی (١١)**

**ماوەی هەر یەك لە خولەکانی پەرلەمان بە رۆژ**

پەرلـەمانی کوردسـتانیش وەك زۆربـەی پەرلەمانـەکانی دەوڵـەتانی جیهـان وەزیفـەی جۆراوجـۆری هەیـە، کـە لـە دیارترینیان ئەمانەن:

## یەکەم: وەزیفەی یاسا دانان:

پسپۆڕی ڕەسەن و بنـەڕەتی پەرلـەمان لـە هـەر دەوڵەتێکـدا لـە پیـادەکردنی دەسـەڵاتی یاسـادانانـدا بەرجەسـتە دەبێت، پرۆسەی یاسا دانانیش وەك باوە بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە پەرلـەمان ڕۆڵـی خـۆی تێـدا دەگێڕێـت و بریتین لە چەند قۆناغێك لەوانە:

### ١-خوێندنەوەی پرۆژە یاساکان لە پەرلەمان:

یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، مافی ئەوەی بە ئەندامانی داوە (کەمتر نەبن لە دە ئەندام پەرلەمان) کـە پرۆژە یاساکان پێشنیار بکەن بە مەبەستی گفتوگۆکردن و بە یاسا کردنیان. دواتـریش لـەکاتی گفتوگـۆکردن لەسـەر پرۆژە یاساکان (جا چ ئەو پرۆژەیە لە لایەن خودی پەرلەمانەوە یان هەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە پێشنیار کرابێت) ئەندامانی پەرلەمان گۆڕانکاری تێدا دەکەن، بەوەی چەند ووشەیەك یان ڕستەیەك یان برگەو ماددەیەك دەسـڕنەوە، یان بۆی زیاد دەکەن.

**خشتەی (٢١)**

**ئەو پرۆژە یاسایانەی لەماوەی پێنج خولدا خوێندنەوەیان بۆ کراوە**

| ز | خولی پەرلەمان | ئەو پرۆژە یاسایانەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە |
|---|---|---|
| ١. | خولی یەکەم | 478 |
| ٢. | خولی دووەم | 131 |
| ٣. | خولی سێیەم | 185 |
| ٤. | خولی چوارەم | 213 |
| ٥. | خولی پێنجەم | 80 |
| | سەرجەم | 1087 |




**شێوەی (١٢)**

**ئەو پرۆژە یاسایانەی لەماوەی پێنج خولدا خوێندنەوەیان بۆ کراوە**

## ٢-یاسا پەسەندکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان:

قۆناغی دوای خوێندنەوەی یەکەم و دواتر گفتوگۆکردن، قۆناغی پەسەندکردن و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر پڕۆژەی یاساکان دێت، ناکرێ پڕۆژە یاسایەك ببێتە یاسا تەنها مەگەر دەستەی یاسادانان لە ڕێگەی دەنگدانەوە ڕەزامەندی لەسەر دەربڕێت. پەرلەمانی کوردستان لەماوەی پێنج خولی تەمەنیدا (٤١١) یاسای پەسەند کردووە، کە وردەکاریی ژمارەی یاسا پەسەندکراوەکانی هەر خولێك لە خشتەی (٢٢) دا دەردەکەوێت.

**خشتەی (٢٢)**

**ئەو یاسایانەی لەماوەی پێنج خولدا پەسەندکراون**

| ز | خولی پەرلەمان | مێژووی تەمەنی خولەکە | ماوەی تەمەنی خولەکە | یاسای پەسەندکراو | ماوە بۆ دەرکردنی یاسایەك |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | خولی یەکەم | ١٩٩٢/٦/٤ تا ٢٠٠٥/٦/٤ | (١٣) سال | 172 | بە (27.6) ڕۆژ |
| ٢. | خولی دووەم | ٢٠٠٥/٦/٤ تا ٢٠٠٩/٨/٢٠ | (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١٦) ڕۆژ | 88 | بە (17.5) ڕۆژ |
| ٣. | خولی سێیەم | ٢٠٠٩/٨/٢٠ تا ٢٠١٣/١١/١ | (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١١) ڕۆژ | 76 | بە (20.2) ڕۆژ |
| ٤. | خولی چوارەم | ٢٠١٣/١١/١ تا ٢٠١٨/١١/٦ | (٥) ساڵ و (٥) ڕۆژ | 31 | بە (59.6) ڕۆژ |
| ٥. | خولی پێنجەم | ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٣/٥/١٩ | (٤) ساڵ و (٦) مانگ و (١٣) ڕۆژ | 44 | بە (37.7) ڕۆژ |
| | سەرجەم | | | 411 | |




**شێوەی (١٣)**

**ئەو یاسایانەی لەماوەی پێنج خولدا پەسەندکراون**

### ٣-بڕیارە پەسەندکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان:

لەپاڵ دەرکردنی یاساکاندا، پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك بڕیارە یاساشی دەرکردووە، کە بەپێی پێویستی سەردەمەکان پەسەند کراون، هەروەك لە خشتەی (٢٣) دا دەردەکەوێت لە خولی یەکەمدا زۆرترین و لە خولی سێیەمدا کەمترین بڕیارە یاسا لە پەرلەمانی کوردستاندا دەرچوێنراون.

**خشتەی (٢٣)**

**ئەو بڕیارانەی لەماوەی پێنج خولدا دەرچوێنراون**

| ز | خولی پەرلەمان | بڕیارە یاسای پەسەند کراوە |
|---|---|---|
| ١. | خولی یەکەم | 118 |
| ٢. | خولی دووەم | 15 |
| ٣. | خولی سێیەم | 3 |
| ٤. | خولی چوارەم | 8 |
| ٥. | خولی پێنجەم | 5 |
| سەرجەم | | 149 |




**شێوەی (١٤)**

**ئەو بڕیارانەی لەماوەی پێنج خولدا دەرچوێنراون**

## ٤-سروشتی یاسا پەسەندکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان:

ئەگەر بەپێی سروشتی دەرکردنیان پۆلینی بکەین، بە پشتبەستن بە (بنکەی یاسادانانی هەرێمی کوردستان)[1] بەسەر (٢٦) بواردا دابەشکراون، هەروەك لە خشتەی ژمارە (٢٤) دەردەکەوێت. بە وردبوونەوە لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە:

١-کۆی ئەم یاسایانەی لە پەرلەمان پەسەندکراون (٤١١) یاسان، بەڵام ئەوەی لە خشتەکەدا هاتووە (٥٧٣) یاسایە، جیاوازییەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێك لە یاساکان لە سروشتێك زیاتریان هەیە، جا دوو سروشت بێت یا سێ، هەر بۆیە ئەم جیاوازییە دەردەکەوێت.

٢-یاسای تایبەت بە (وەزارەت و دامەزراوەکان) زۆرترین پانتایی گرتووە لە سروشتی یاساکاندا کە (١٢٦) جار دووبارە بۆتەوە.

٣-یاسا کۆمەڵایەتییەکان کەمترین پانتایی گرتووە کە تەنها یەك یاسا تایبەتمەندە بەم بوارەوە.

### خشتەی ژمارە (٢٤)

### پۆلینی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی سروشتیان

| ز | جۆری یاسا | یەك سروشت | دوو سروشت | سێ سروشت | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | وەزارەت و دامەزراوەکان | 35 | 91 | 0 | 126 |
| ٢ | داراییەکان | 39 | 31 | 0 | 70 |
| ٣ | سروشت دەستورییەکان | 40 | 21 | 0 | 61 |
| ٤ | سزاییەکان | 31 | 9 | 0 | 40 |
| ٥ | سەندیکاو رێکخراوەکان | 19 | 18 | 1 | 38 |
| ٦ | کارگێڕییەکان | 17 | 21 | 0 | 38 |
| ٧ | سەربازییەکان | 5 | 18 | 1 | 24 |
| ٨ | شارستانییەکان | 15 | 7 | 0 | 22 |
| ٩ | کشتوکاڵییەکان | 8 | 11 | 0 | 19 |
| ١٠ | پەروەردەو خوێندنی باڵا | 6 | 11 | 0 | 17 |
| ١١ | ئیتیحادی (فیدراڵیی)ە بەرکارکراوەکان | 4 | 12 | 0 | 16 |
| ١٢ | رۆشنبیرییەکان | 4 | 10 | 0 | 14 |
| ١٣ | داد و دەسەڵاتی دادوەری | 0 | 15 | 0 | 15 |
| ١٤ | تەندروستییەکان | 3 | 11 | 0 | 14 |
| ١٥ | بازرگانی | 5 | 7 | 0 | 12 |
| ١٦ | باری کەسێتی | 6 | 3 | 0 | 9 |
| ١٧ | سامانە سروشتییەکان | 5 | 3 | 0 | 8 |
| ١٨ | گواستنەوە | 2 | 4 | 0 | 6 |
| ١٩ | کار | 1 | 3 | 0 | 4 |
| ٢٠ | پیشەسازی | 1 | 3 | 0 | 4 |
| ٢١ | تایبەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی | 1 | 3 | 0 | 4 |
| ٢٢ | عێراقییە راگێراوەکان | 1 | 2 | 0 | 3 |
| ٢٣ | گەشت و گوزار و شوێنەوار | 1 | 2 | 0 | 3 |
| ٢٤ | وەبەرهێنان | 1 | 1 | 0 | 2 |
| ٢٥ | ژینگە | 1 | 1 | 0 | 2 |
| ٢٦ | کۆمەڵایەتییەکان | 1 | 0 | 1 | 2 |
| | سەرجەم | 252 | 318 | 3 | 573 |

(١) بنکەی یاسادانانی هەرێمی کوردستان لەلایەن لیژنەیەکەوە لە پەرلەمانی کوردستان ئامادە کراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم لینکە: (https://legislation.krd/).

## ٥-جۆری یاسا پەسەندکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان:

ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانەوە دەرچوون، ئەگەر بەپێی (یاسای نوێ) و (هەمواری یاسا) و (بەرکارخستن) و پۆلینیان بکەین، دەردەکەوێت کە (٢٧١) یاسای نوێ، (٩٧) یاسای هەموار، (٢٤) یاسای هەموار و بەرکار و (١٢) یاسای بەرکار پێکدەهێنن، بڕوانە خشتەی (٢٥).

**خشتەی (٢٥)**

**پۆلینی یاساکان بە پێی جۆری یاساکان**

| ز | جۆری یاسا | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | یاسای نوێ | 274 |
| ٢ | یاسای بەرکارکردن | 12 |
| ٣ | یاسای هەموار | 98 |
| ٤ | یاسای هەموار و بەرکارکردن | 27 |
| سەرجەم | | 411 |




**شێوەی (١٥)**

**پۆلینی یاساکان بە پێی جۆری یاساکان**

## ٦- پۆلێنی یاسا پەسەندکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی شێوازی دەرکردنیان:

بەڵام ئەگەر وردتر پۆلینیان بکەین، وەك: یاسای بەرکار، یاسای هەڵوەشاوە، یاسای کاتی و...هتد، لـەم خشـتەیەی خوارەوەدا بەرچاو روونی زیاترمان بۆ دەردەکەوێت کە (٩١) یاسا هەڵوەشـاونەتەوەو کاریـان پێناکرێت، (٣٥) یاسـا کاتی بوونەو لە ئێستادا لەکار کەوتوون، بڕوانە خشتەی (٢٦).

**خشتەی (٢٦)**

**پۆلێنی یاساکان بە پێی دەرکردنیان**

| ز | جۆری یاسا | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ئەو یاسایانەی هەڵوەشاونەتەوەو کاریان پێ ناکرێت | 91 |
| ٢ | ئەو یاسایانەی کاتی بوون و لە ئێستادا لەکارکەوتوون | 35 |
| ٣ | یاسای بەمەبەستی لەکار خستن | 9 |
| ٤ | یاسای تایبەت بە بەرکار یا راگرتنی یاسای عێراقی | 40 |
| ٥ | ئەو یاسایانەی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی کردوون و دەریکردوون و بەرکارن | 167 |
| ٦ | یاسا هەموارکراوەکان لە پەرلەمانی کوردستان | 69 |
| سەرجەم | | 411 |




**شێوەی (١٦)**

**پۆلێنی یاساکان بە پێی شێوازی دەرکردنیان**

## دووەم: وەزیفەی چاودێری:

**بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاساکان:** ڕۆڵی پەرلەمان هەر تەنها دانانی یاساکان نییە، چونکە دوای ئەوەی دەستەی یاسادانان گەڵاڵەکردنی یاساکان تەواو دەکات، ڕۆڵە بنەڕەتییەکەی دەگۆڕێت بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی کارایی یاساکان، گرنگیدانیش بە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی دانەرانی ڕەشنووسەکە بەپێی ئەو یاسایانەی دایانڕشتووە باسیان لێوە کردووە، ئەو ئاستەنگانەش کە تووشی دێن، ئەمەش لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان لەکاتی پراکتیزەکردنیاندا، لەبەرچاوگرتنی ئەو یاسایانەش کەلە داهاتوودا دایان دەنێن، ئەمەش بۆ خۆلادان لەو ئاستەنگانەی کەلەوانەیە لە ئایندەدا لە داڕشتنی یاساکان بەباشترین شێوە ڕووبەڕوویان ببنەوە. سەبارەت بەپێ هەستانی پەرلەمان هەرێم لە جێبەجێکردنی کاری یاسادانانددا لەسەرەتای دەستبەکاربونیەوە، دەبینین کە بۆ ڕێکخستنی سەرجەم بوارو کاروبارەکانی کۆمەڵگای کوردستانی چەند یاساو بڕیارێکی دەرکردووە کەلەماوەی نێوان (١٩٩٢/٦/٤) تاوەکو (٢٠٢٣/٢/١٦) ژمارەیان گەیشتۆتە (٤٠٦) یاساو (١٤٩) بڕیار، یاساکان کۆمەڵێك بوار دەگرنەوە.

ئەو چاودێرییەی پەرلەمان بەسەر حکومەتەوە هەیەتی، کاکڵەو ناوەڕۆکی سیستەمی پەرلەمانیەو لە دیارترین تایبەتمەندییەکانیشیەتی، خەسڵەتێکی بنەڕەتیشە کە حکومەتی پێ دەناسریتەوە بەو پێیەی ڕاستەوخۆ بارگرانییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی لە ئەستۆ گرتووە، شتێکی بەڵگە نەویستیشە کەلەهەر کوێیەك دەسەڵات هەبێت لێپرسراویەتیش هەیە.

لەو بارەشەوە یاسادانەری کوردستانی ژمارەیەك ئەرکی چاودێری خستۆتە سەرشانی پەرلەمان بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ١- پرسیاری پەرلەمانی :

مەبەست لە پرسیاری پەرلەمانی ئەو کارەیە کە ئەندام پەرلەمان داوای ڕوونکردنەوە لە بەرپرسێکی جێبەجێکردن دەکات سەبارەت بە خاڵێکی دیاریکراو، واتە هەموو داوایەکی ڕوونکردوە دەگرێتەوە کە تۆمەتبارکردنی تێدانیە، واتە پرسیارکردنە لە کارێکی شاراوە تاوەکو ئەندامی پەرلەمان لە ڕێگەی دەستکەوتنی زانیارییەوە لە بارەی شتێکەوە کە پێی ئاشنانییە بتوانێت بەدواداچوون بۆ چالاکیەکانی کارگێڕی گشتی بکات.

پرسیاری پەرلەمانی بە یەکێك لە بەربڵاوترین و باوترین هۆکارەکانی چاودێری پەرلەمانی دادەنرێت، بەو پێیەی جۆرێك لە چاودێری بەسەر چالاکی حکومەتەوە دەستەبەر دەکات، ئەمەش لە ڕووی چڕوپڕی ژمارە و هەمەجۆری بابەتی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی ئەندامانی حکومەت دەکرێن، هەروەها لە ڕووی هەمەجۆری لایەنداری حیزبی ئەو کەسانەش کە پرسیارەکان ئاراستە دەکەن، جا چ لە نێوان پارتەکانی دەسەڵات (زۆرینەی پەرلەمانی) یان پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە(کەمینەی پەرلەمانی) بێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی زۆرێك لەو زێدەڕۆیی و کەموکورتییانەی هەن و کارکردنیش بۆ چارەسەرکردنیان.

پەیڕەوەی ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستانیش ئەم هۆکارەیان لە ماددەکانی (٥٨-٦٥) دا ڕێکخستوو، بە شێوەیەك کە ماددەی (٥٨) پێناسەی پرساندنی کردووە بەوەی " ئەندام، دەتوانێت، پرسیاری نوسراو، یان زارەکی لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتییەوە، بۆ سەرۆك وەزیران، یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بنێرێت، بۆ

روونکردنەوەی بابەتێك کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆریەکەیان یان بابەتێك کە ئەندام زانیـاریی لەبارەیـەوە نییـە، یان دەیەوێت بەدواداَوونی لەبارەوە بکات، یان دەیەوێت ڕای حکومەت، لەبارەی بابەتێکەوە بزانێت".

مـاددەی (٦٠) ڕێوشـوێن و مەرجـەکانی پرسـیاریکردنیان روونکردۆتـەوە، باسـی ڕێوشـوێنەکانی وەڵامدانـەوە و مەرجەکانی وەڵامدانەوە کردوە بەوەی مەرجی داناوە کە دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەکان وەڵامی پرسیارەکە یەکسەر بدەنەوە یان لە ماوەی حەوت رۆژ تێپەڕنەکات لەو بەروارەی پرسیارەکەی بەدەست دەگات بـە نووسین وەڵام بداتەوە.

به پێی ئەو داتایانەش کە لە بەردەستماندان، پرسیارکردن لە خولەکانی پەرلەمان بەم شێوەیە بووە:

–داتای خولی یەکەممان لەبەردەستدا نیە.

–لە خولی دووەمدا (٥٨) پرسیار ئاراستەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کراوە، لەوانە (٢٧)ی وەڵامدراوەتەوەو (٣١) پرسیاریش بێ وەڵام مانەوە.

–لە خولی سێیەمدا (٤١٨) پرسیار ئاراستەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کراوە، داتای ئەوەمان لەبەردەست نیە کـە چەندی وەڵامدراونەتەوەو چەندیش بێ وەڵام ماونەتەوە.

–لە خولی چوارەمدا (٨٢٦) پرسیار ئاراستەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کراوە، لەوانـە (٥٢٤)ی وەڵامدراوەتـەوەو (٣٠٢) پرسیاریش بێ وەڵام مانەوە.

–لە خولی پێنجەمدا بەپێی وتەی سەرۆکی پەرلەمان تا تەواو بوونی ئـەم خـولی بەهارەیـە پەرلـەمانتاران (٤٣١٣) پرسیاری زارەکی و نوسراویان ئاراستەی حکومەت کردووە و (٣٨٦٢) پرسـیار وەڵامدراوەتـەوەو (٤٥٢) پرسـیار بـێ وەڵامن. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو پرسیارانەشی ئەژمار کردووە کە لەکاتی میوانداری وەزیرەکان لە دانیشتنی پەرلەمان لێیان کراوە.

### ٢-پرساندنی پەرلەمان:

پرسـاندن (الاسـتجواب) ڕوونکردنـەوە یـان پرسـیارکردنە کەلەسـەر بنچـینەی تۆمـەت بـارکردن بەنـدە، چـونکە تۆمەتێکەو یەکێك لە ئەندام پەرلەمانەکان ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێك لە وەزیرەکانی دەکـات سەبارەت بە رەخنەگرتن لە کارێك لەو کاروبارانەی دەچنە بواری پسپۆڕیەتی ئەوەوە،م یان سەبارەت بە هەڵەیەك کە لەکاتی پراکتیزەکردنی یاسادا تێی کەوتووە، ئەمەش بـە ئامـانجی جوڵانـدنی لێپرسـراویەتی سیاسـی حکومـەت یـان یەکێك لە ئەندامەکانی، کەواتە پرساندن: " ئامرازێکی کارایە لە کاری چاودێری و بـە دواداچـوونی کـاری وەزیرەکـان وەك ئاگادار کردنەوەیەك لەکاتی بێئاگاییاندا و پرساندنیشیان لەکاتی کەمتەرخەمیدا".

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەرمانی کوردستان شەش ماددەی تەرخان کردووە(ماددەکانی ٦٨ تا ٧٣) وەك هۆکارێك بۆ پرساندن، لە بەندی (٦٨) دا مەبەست لە پرساندن ڕووندەکاتەوە بەوەی: " بریتییە لە داواکردن لە سەرۆك وەزیران، یان یـەکێك لـە ئەنـدامانی ئەنجومـەنی وەزیـران، بـۆ رونکردنـەوەی کارنامـەی حکومـەت و هۆکارەکـانی ئـەو بریـار و رەفتارانەی کە دەکەونە بواری پسپۆرییەکەیان"، لـە مـاددەی (٦٩) دا بـاس لـە ڕێوشـوێنی پرسـاندن و مەرجـەکانی کراوە، هەرچی بەندی (٧٠) یە شوێنکارەکانی ئەو پرساندنی ڕوونکردۆتەوە.

لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کەلەڕووی چوارچێوەو شوێنکارەوە جیاوازی هەیە لەنێوان پرسیارکردن و پرساندندا لەڕووی چوارچێوەوە دەبینین کە بابەتی پرسیارەکە دیاریکراو سنوردارە، بەڵام بابەتی پرساندن زۆر فراوانترە، چونکە لە دۆخی پرساندندا هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن بەشداربن، بەڵام لە دۆخی پرسیارلێکردندا دۆخەکە تایبەتە بە ئەندام پەرلەمانی پرسیارکەر، لە ڕووی ئەو شوێنکارانەی لێشی دەکەوێتەوە دەبینین کە پرسیار کردن نابێتە هۆی هێنانە ئارای بابەتی لێسەندنەوەی متمانە لە وەزیر یان وەزیرەکان، ئەمەش پێچەوانەی پرساندنە کە بەهۆیەوە پەرلەمان مافی ئەوەی دەبێت سەبارەت بە سیاسەتی گشتی دەوڵەت یان سەبارەت بەو سیاسەتەی وەزیر پەیڕەوی لێدەکات لە ڕاییکردنی کاروبارەکاندا داوای داتا لە وەزیر بکات، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی گفتوگۆکردن و ڕەخنەگرتنە، کەلەوانەیە ببنە هۆی پەنابردنە بەر ئەو جۆرە ڕێوشوێنانە.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەپەرلەمانی کوردستاندا لەهەر پێنج خولدا کەمترین پرساندنی سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان کراوە، زۆرینەی ئەو یادداشتانەش کە بەمەبەستی پرساندن لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون (بەتایبەت لە خولەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم)دا پشتگوێخراون و نەخراونەتە بەرنامەی کارەوە، جا چ لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە پشتگوێخرابن و بۆ حکومەت نەنێردرابن، یاخود هەندێکیان نێردراویشن بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەڵام حکومەت ئامادەنەبووە کەسی بانگهێشتکراو بنێرێتە پەرلەمان و پشتگوێی خستووەو لەبەرامبەردا سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بێدەنگ و بێهەڵوێست بووە.

بەدرێژایی هەر پێنج خولی پەرلەمان ئەوەی بەم شێوەیە بانگهێشت کرابێت، لە خولی سێیەمی پەرلەمان بوو دوای ڕووداوەکانی حەڤدەی شوباتی ساڵی ٢٠١١ کە هەریەك لە سەرۆکی حکومەت (بەرهەم ساڵح) و وەزیری پێشمەرگە (جەعفەر شێخ مستەفا) و وەزیری ناوخۆ (کەریم شەنگالی) بانگهێشتکران و پرساندنیان بۆ کرا، دوابەدوای پرساندنەکە دەنگدانیان بۆ کراو متمانەیان پێدرایەوە. جگە لەمە پەرلەمانی کوردستان لە هەر پێنج خولیدا پرساندنی هیچ سەرۆکی حکومەت و وەزیرێکی بەخۆوە نەبینیوە.

### ٣-لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی:

چاودێری شێوەکانی لە شێوەیەکە پەرلەمانی لێکۆڵینەوەی کە پەرلەمان بەسەر حکومەتدا پیادەی دەکات، فرە لایەنە و هەر تەنهاش پەیوەست نیە بەو دوو لایەنەوە یان بە داواکاری تاکەکەسییەوە هەروەك لە پرساندندا پەیڕەو دەکرێت، بەڵکو لەوە زیاترە و لە لایەکەوە پەیوەستە بە هەموو پەرلەمانەوە و لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەستە بە دەزگای حکومییەوە کە بەدوای ڕاستییەکاندا دەچێت سەبارەت بە کارێك کە پەیوەستە بە خۆیەوە یان گەڕان بە دوای ئەو سەرپێچی و زێدەڕەوییانەی کە لە ناو خودی خۆیدا ڕوو دەدەن، لیژنەیەك کە ئەندامانی پەرلەمان هەڵیدەبژێرن (یان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دایاندەنێت) کاری لێکۆڵینەوە دەکات ئامانجیشی ئاشکراکردنی سەرجەم ڕەگەزە مادی و مەعنەوییەکانی دۆزێك یان کێشەیەکی پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتییەوە، بۆ نمونە لە کاتی ڕوودانی کارێکی مەترسیداری وەك کەموکوڕی لە یەکێك لە دەزگاکانی دەوڵەتدا یان کەرتێك لە کەرتەکانی یان ڕوودانی ئابڕووچونێکی سیاسی یان دارایی یان شتێکی هاوشێوەی ئەمانە، لیژنەکە مافی ئەوەی هەیە چاو بەسەرجەم دەستاوێژێر (المستند) و بەڵگەنامەکاندا بخشێنێت و بەرپرسەکان بانگ بکات بۆ ئامادەبوون لە بەردەمیدا، پرسیاریش

لە بارەی هەموو کونوکەلەبەر (الملابسات) و داکەوتەکان بکات و دواتریش پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە راپۆرتێك بەرزدەکاتەوە بۆ پەرلەمان.

لێکۆڵینەوە پەرلەمانی بە :" هۆکارێك لە هۆکارە گرنگەکانی چاودێری پەرلەمانی دادەنرێت و لە هەمووشیان کاراترە، چونکە هۆکارێکی یەکجارکارەکییە (عملی) و بێ ئەم هۆکارەش پەرلەمان ناتوانێت نەنگیەکانی دەزگاکانی حکومەی ئاشکرابکات، ناشتوانێت بە پێداویستییەکانی دەوڵەت ئاشنا بێت، چونکە لێکۆڵینەوە پەرلەمانیەکان وا دەکەن پەرلەمان بۆخۆی و بەشێوەیەکی راستەوخۆ داتا و زانیارییە داواکراوەکانی دەستبکەوێت و لە راستی و دروستیان دڵنیابێتەوە. ئەمەش پێچەوانەی هۆکاری پرسیارکردن و پرساندنەکە تیایدا پەرلەمان پشت بەو داتا یان بەو زانیارییانە دەبەستێت کە حکومەت پێشکەشی دەکات."

یاسادانەری کوردستانی ئەم هۆکارەی بە چوار بەندی پەیرەوەی ناوخۆی پەرلەمان رێکخستوە (لە ماددەی ٤٣ تا مادەی ٤٦)، لە ماددەی (٤٣) دا پەیرەوی ناوخۆیی ئاماژەی بە دەسەڵاتەکانی پەرلەمان کردووە لە پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە و رێوشوێن و مەرجەکانی پێکهێنانیان، ماددەی (٤٤)ی تایبەت کردووە بەدەسەڵاتی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە و گرنگی هاوکاری لایەنە جێبەجێکارەکان (پەیوەندیدارەکان) لەگەڵیدا، بەڵام ماددەی (٤٥) تایبەتکراوە بە بەرزکردنەوەی راپۆرت و راسپاردەکان لە لایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لە دوای تەواوبوونی کردەی لێکۆڵینەوە.

لەمەوە بۆمان رووندەبێتەوە کە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە تایبەتمەندنین لە بڕیاردان لەسەر ئەو راستییانەی پێیدەگەن، بەڵکو دوای تەواو بوونی لە لێکۆڵینەوەکان کارەکان تەنها و تەنها پێشکەشکردنی راپۆرتە بۆ پەرلەمان، واش باوە کە ئەو راپۆرتە هەموو ئەو داتا و زانیارییانە لە خۆدەگرێت کەلە لای لیژنەکە کۆبوونەتەوە و ئەو دەرئەنجامانەش کە پێیان گەیشتووە و پاڵپشتن بە بیروڕا و پێشنیارەکانی لیژنەکە، دوای ئەوە پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆکی راپۆرتەکە دەکات وەك رێخۆشکردنێك بۆ گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانەی بە گونجاویان دەزانێت لە چوارچێوەی ئەوە دەسەڵاتانەی بە گوێرەی یاسا پێیدراوە.

ئەوەی تا ئێستا باسمانکرد لەرووی تیۆرییەوە بوو، دەقە یاساییەکانی ناو پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانمان باسکرد بەو شێوازەی کە تیایدا هاتووە، بەڵام لەبواری پراکتیکدا پەرلەمان نەیتوانیوە بەم ئەرکەی هەڵسێت.

### ٤. بەرپرسیارێتی سیاسی:

مەبەست لێی مافی ئەندامانی پەرلەمان لە پێشکەشکردنی داواکاری لە سەندنەوەی متمانەیە لە تەواوی کابینەی حکومەت (بەرپرسیاریەتی هاریکاری = المسؤلية التضامنية)، یان سەندنەوەی متمانە بە شێوەی یەکلایەنە لە وەزیرەکان، یەکێك یان زیاتر، واتە(بەرپرسیاریەتی تاکلایەنە = المسؤلية الفردية)، لەوانەشە ئەمە ببێتەهۆی کە وەزیرێك یان وەزارەتەکە دەسەڵات لە دەست بدات بەوەی ناچاری دەستلەکارکێشانەوە بکرێت)یان لاببریت).

لە ماددەی (٥٤) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە کە:" بۆ چارەکی ئەندامانی پەرلەمان هەیە داوایەکی هۆدار پێشکەش بکەن سەبارەت بە وەرگرتنەوەی متمانە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان یەکێك لە ئەندامانی، ئەنجومەن گفتوگۆ لەسەر ئەو داوایە ناکات دووای تێپەڕبوونی حەوت رۆژ بەسەریدا نەبێت و دەنگی لەسەر

دەدرێت پاش ئەوەی دوو ڕۆژ بە تەواوی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. ئەگەر پەرلەمان بڕیاریدا متمانە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان سەرۆکەکەی وەرگرێتەوە ئەوا دەبێت یەکسەر دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەش بکات".

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو ئامرازە چاودێرییانەی کە بە پەرلەمانی کوردستان دراوە، ئەگەر بە شێوەیەکی پێویست و ڕاست ودروست بەکاربهێنرێت، دەتوانێت دەستەبەری ئەندازەیەکی گەورەی پرساندن لە کاروبارەکانی حکومەتدا بکات. بەڵام لە مەیدانی پراکتیکدا پەرلەمان پیادەی ئەو دەسەڵاتەی خۆی نەکردووە، پرساندنی بۆ سەرۆك و ئەندامەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن نەکردووە.

## سێیەم: وەزیفەی دارایی:

### ١- پەسەندکردنی بودجەی گشتی:

وا باوەکە گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی بودجە لەلایەن پەرلەمانەوە (دوای ناردنی لەلایەن حکومەتەوە) بە مەبەستی پەسەند کردنی بو دوو قۆناغ دەبێت : یەکەم لەبەردەم لیژنەکانی پەرلەمان، دووەمیش لە دانیشتنێك (یان چەند دانیشتنێك)ی گشتی لەبەردەم تەواوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا بەمەبەستی پەسەندکردنی پرۆژە یاساکە.

یاسا دانەری کوردستانیش ماددەکانی (٩٨ بۆ ١٠٩) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی تەرخان کردووە، بۆ ڕێوشوێنەکانی پەسەندکردنی بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی دوای ئەوەی دەگاتە پەرلەمان.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك ئەنجومەنی وەزیران، بودجەی خەملێنراو ڕەوانەی پەرلەمان بکات، هەروەك لە بڕگەی یەکەمی مادەی (٩٨)ی پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: "یەکەم: لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە ساڵی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان".

ڕۆڵی پەرلەمانیش هەر تەنها بە گفتوگۆکردن لەسەر ماددەکانی بودجەی گشتی و پەسەندکردنی پرۆژەیاساکەی ناوەستێت، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بودجەکە بۆ دڵنیا بوون لە ڕادەی پەیوەستبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە پشتپێبەستراوە تەرخانکراوەکان لە بودجەدا (الاعتمادات المخصصة في الميزانية)، ئەمەش لە ڕێگەی گفتوگۆکردن و پشبەستن بەژمێرەی کۆتایی.

بەم پێیە ساڵانە پەرلەمان ژمارەیەك لە دانیشتنەکانی تەرخان دەکات بۆ گفتوگۆو بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی بۆ نمونە:

١- لە ماوەی خولی یەکەمدا بە گشتی لە پەسەندکردنی (٦) یاسای بودجەدا (١٧) دانیشتنی ئەنجامداوە، هەروەها بۆ ئەو ساڵانەش کە بودجە پەسەند نەکراوە (١١) دانیشتنی ئەنجامداوە.

٢- لە ماوەی خولی دووەمدا بە گشتی لە پەسەندکردنی (٣) یاسای بودجەدا (١٢) دانیشتنی ئەنجامداوە.

٣- لە ماوەی خولی سێیەمدا بە گشتی لە پەسەندکردنی (٤) یاسای بودجەدا (٥٤) دانیشتنی ئەنجامداوە.

٤- لە خولی چوارەم هیچ یاسایەکی بودجە پەسەند نەکراوەو هیچ دانیشتنێکیش بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامنەدراوە.

٥- لە خولی پێنجەمدا هیچ یاسایەکی بودجە پەسەند نەکراوەو هیچ دانیشتنێکیش بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامنەدراوە. بۆ ئەم مەبەستەو وردەکارییەکانی بڕوانە خشتەی (٢٧).

## خشتەی ( ٢٧ )

## بەراوردی خولەکان لەرووی پەسەند کردنی یاسای بودجەوە

| ز | خولی پەرلەمان | ساڵ | ژمارەی یاساکە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| .١ | خولی یەکەم | ١٩٩٢ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ١٩٩٣ | یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٣ | |
| | | ١٩٩٤ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ١٩٩٥ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ١٩٩٦ | یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٦ | |
| | | ١٩٩٧ | یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٧ | |
| | | ١٩٩٨ | یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٧ | 6 |
| | | ١٩٩٩ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ٢٠٠٠ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ٢٠٠١ | یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠١ | |
| | | ٢٠٠٢ | یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠١ | |
| | | ٢٠٠٣ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ٢٠٠٤ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ٢٠٠٥ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| .٢ | خولی دووەم | ٢٠٠٦ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | 3 |
| | | ٢٠٠٧ | یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ | |
| | | ٢٠٠٨ | یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ | |
| | | ٢٠٠٩ | یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٩ | |
| .٣ | خولی سێیەم | ٢٠١٠ | یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٠ | |
| | | ٢٠١١ | یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١١ | 4 |
| | | ٢٠١٢ | یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٢ | |
| | | ٢٠١٣ | یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ | |
| .٤ | خولی چوارەم | ٢٠١٤ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ٢٠١٥ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ٢٠١٦ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | 0 |
| | | ٢٠١٧ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ٢٠١٨ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| .٥ | خولی پێنجەم | ٢٠١٩ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ٢٠٢٠ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ٢٠٢١ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | 0 |
| | | ٢٠٢٢ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| | | ٢٠٢٣ | یاسای بودجە پەسەند نەکراوە | |
| سەرجەم | | ٣١ ساڵ | | ١٣ یاسا |

### ٢- خستنه رووی ژمێرەی کۆتـایی:

بەپێی ماددەی (٩٨) برگەی دووەم لە پەیرەوی نـاوخۆی پەرلـەمان، لەسـەر ئەنجومـەنی وەزیـران پێویسـتە، لـە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو، بۆ پەرلـەمان بنێرێـت. بـۆ زانینـی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن، بەڵام ژمێرەی کۆتایی و بەیانی مالیش مـاوەی (١٠) سـاڵە (٢٠١١-٢٠٢٠) نەچۆتە پەرلەمان.

### ٣- بودجەی پەرلەمان:

لە ماددەکانی (١٦، ١٠٧، ١٠٨) پەیڕەودا بـاس لـە بودجـەی پەرلـەمان دەکـات و ئـەرکی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمانە لەگەڵ دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان، رێکبخەن و بیخەن بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی، بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلـەمان، لە کۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا هەڵدەستێت بە دانـانی ژمێـرەی کۆتـایی و رێکـارە کارگێڕییـەکان دەخرێتـە بـەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و رەوانـەکردنی بـۆ لیژنـەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری، بـە مەبەسـتی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی راپۆرتێك لەوبارەیەوە، بۆ پەرلەمان.

بەڵام هیچ ساڵێك ژمێرەی کۆتایی لە خولەکانی چوارەم و پێنجەم نەخراوەتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان.

## چوارەم: وەزیفەی سەروەریەتی:

سەربارى ئـەو سـێ وەزیفەیـەی پێشـتر باسـکران، واباوە کـە دەسـەڵاتی یاسـادانان بـەو پێیـەی نوێنـەری گەلـە وەزیفەیـەکی دیکەشـی هەیـە کـە سەرپەرشـتیاریەتی سیاسـی (الولایـة السیاسـیة) و پـەیڕەوکردنی هەنـدێك کـاری سەروەریی گشتییە، مەبەست لە کاری سەروەری گشتی ئەو کارانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە شکۆمەندی وڵاتەوە، کە دەکرێ دابەش بکرێن بۆ چەند بەشێك، لە گرنگترینیان:

١.رەزامەندی نیشاندان لەسەر دارشتن و هەموارکردنی دەستور.

٢.رەزامەندی نیشاندان لەسەر رێککەوتنامە و پەیماننامەکان.

٣.رەزامەندی نیشاندان لەسەر بڕیاری جەنگ.

٤.پەسەندکردنی بڕیار و یاساکانی تایبەت بە باری لەناکاو (الطوارئ).

٥.هەڵبژاردنی هەندێك پۆستی سەروەری و تایبەت.

سەروەرێتی پەرلەمانی کوردستانیش لە چـەند لایەنێکدا خـۆی دەبینێتـەوە، دیارترینیـان ئەوەیـە کـە پەرلـەمان مەرجەعی سیاسی و دەستوری هەرێمە لەو کارانەی پەیوەندیدارن بە بڕیاردان لەسەر رێکەوتننامەکان و تاوتوێکردنی پرسـە چارەنوسسـازەکانی گـەلی کوردسـتانی عێـراق و دیـاریکردنی پەیوەندییـە یاسـاییەکەی لەگـەڵ دەسـەڵاتی ئیتیحادیدا، هەروەك لە بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە: "پەرلەمانی کوردستان – عێراق تاکە مەرجـەعی سیاسی و دەستووری یە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێـراق و لـە دیـاری کردنـی پەیوەندی دەستووری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵدا ودەبێ نوێنەرانی گەلی کوردستان لە کۆمەڵـەی نیشتمانی عێراقی دا، لەکاتی خستنە رووی هەر حوکم و مادەیەك، کە پەیوەندی راسـتەوخۆ، یـان ناڕاسـتەوخۆی بـە

بەرژەوەندی گەلی کوردستانەوە هەبێت، لەکاتی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراق دا، بگەڕێنەوە سەرپرس و ڕای پەرلەمانی کوردستان".

لەم بارەیەوە پەرلەمان چەند ڕێوشێن و بڕیارێکی دەرکردووە، لەوانە:

١. دەرکردنی بڕیارێکی تایبەت بە پەیڕەوکردن لە سیستەمی فیدڕاڵی سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی یاسایی هەریم لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا کە بە (بەیاننامەی یەکێتی فیدڕاڵی) ناسراوە و بەپێی بڕیاری ژمارە (٤) کە لە (١٩٩٢\١٠\٤) دەرچوو، هەروەها دەرکردنی بڕیاری ژمارە (٢٣) ی (١٩٩٢\١٠\٦) سەبارەت بە پیادەکردنی پسپۆریەکانی دەسەڵاتی فیدرالی.

٢. دەرکردنی بڕیاری ژمارە (١١) ی ساڵی ١٩٩٢، تایبەت بە دانانن بە مێژووی کێشانەوەی ئیدارە حکومیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە (١٩٩١/١٠/٢٢) بە دوا وادەی کارپێکردن بە یاساکانی حکومەتی ناوەندی، کارپێکردنیش بەو یاسایانەی کە لە پێش ئەو مێژووەوە لە هەرێمی کوردستاندا دەرچوون، ئەمەش ئەو یاسایانە ناگرێتەوە کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کارپێکردنیان ڕاگیراوە، بەو پێیەی ئەوەی لە دوای ئەو مێژووەوە دەرچووە کارپێکردنی لە هەرێمدا وەستێنراوە بە مەرجێك لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری کارپێکردنیان نەدرابێت.

٣. گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی تایبەت بە دانانی پرۆژەیاسای دەستوری هەرێم پێش ئەوەی ڕاپرسی لەسەر بکرێت، وەك: پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ داڕشتنی پرۆژەکە و بریار لەسەردانیشی. کە پەرلەمانی کوردستان چەند یاساو بڕیارێکی تایبەت بەم پرسەی دەرکردووە.

٤. لە برگەکانی (١٠–١١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمدا، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سەروەرییەکانی سەرۆك هەرێمدا هاتووە کە: "سەرۆکی هەرێم مافی ئەوەی هەیە لە کاتی پێویستدا و بە ڕەزامەندی پەرلەمان ڕێگە بە هاتنەناوەوەی هێزە چەکدارکانی فیدراڵ بدات بێنە ناو هەرێمەوە"، هەروەها "بەڕەزامەندی پەرلەمان مافی جوڵاندنی هێزەکانی پێشمەرگەی هەیە بۆ دەرەوەی هەرێم". هەروەك لە بڕیاری ژمارە (٢٨) ی ساڵی (٢٠١٤) دا هێز ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کرا.

٥.دەرکردنی بڕیاری ژمارە (٢٤) ی ساڵی (٢٠١٤) ی تایبەت بە پاڵپشتیکردنی پەرلەمانی کوردستان لە ئیدارەی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان.

٦. بەپێی بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٥)، دەسەڵات بە سەرۆکی هەرێم دراوە کە بە ناوی گەلی کوردستانەوە ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بکات سەبارەت بە چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا.

٧.ئەمانەو چەندین بڕیار و یاسای تر سەبارەت بە وەزیفەی سەروەرێتی لە خولە جیاجیاکانی پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوونە. ئەوەی تێبینی دەکرێت تاکە خولێك کە هیچ بڕیار و یاسایەکی تایبەت بەم بوارەی دەرنەکردبێت خولی پێنجەمە.

## پێنجەم: پەرلەمان و دەستە سەربەخۆکان:

چەند دەستەیەکی سەربەخۆ هەن کە راستەوخۆ سەر بە پەرلەمانن یاخود لەژێر چاودێریی پەرلەماندان و پەرلەمان بەرپرسیارە لە رایی کردنی کارە یاساییەکانیان و لێپێچانەوەیان، وەك:

### ١-دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان.

ئەم دیوانە لە ساڵی (٢٠٠٠) بەپێی یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٠٠) پێکهێنراوە. سەرەتا دوو دیوان هەبوو لە هەریەك لە ئیدارەکانی هەولێر و سلێمانی، بەڵام دواتر بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) دەبوایە هەردوو دیوان یەك بگرنەوە، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠١٤ هەردوو دیوان یەکیان گرتەوەو لە ٢٠١٤/٥/١١ سەرۆکی تازەی دیوانی یەکگرتوو لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێ بەخشراو سوێندی یاسایی خوارد و دەستبەکار بوو.

بەپێی یاسا لە رۆژی (٢٠١٨/٥/١٠)ەوە ماوەی یاسایی سەرۆکی دەستە تەواو بوو، دوای تێپەڕ بوونی ماوەی سێ ساڵ و سێ مانگ بەنایاسایی، لە (٢٠٢١/٦/٢٨) پەرلەمان لە دانیشتنێکدا جارێکی تر ماوەی ویلایەتی سەرۆکی دیوانی بۆ یانزە مانگی تر بۆ خولی دووەمی ویلایەتەکەی درێژکردەوە. بەڵام دیسانەوە لە (٢٠٢٢/٥/١٠) بۆ جارێکی تریش ماوەی یاسایی سەرۆکی دیوان کەوتەوە بۆشایی یاساییەوەو ماوەکەی بەسەر چوو، ئەوە بوو پەرلەمان چارەی ئەو گرفتەی نەکرد و تا (٢٠٢٣/٥/٢) بۆ ماوەی ساڵێك بەنایاسایی سەرۆکایەتی دیوانی کرد تا لەو رۆژەدا خودی سەرۆکی دیوان خۆی دەستی لەکار کێشایەوەو تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرلەمان ئەو گرفتەی چارەنەکردووە.

سەرباری ئەوەی سەرۆکی دیوان چەند جارێك ئەم راستیە یاساییەی بەنوسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، بەڵام پەرلەمان هیچ رێگەو شوێنێکی نەگرتۆتە بەر و ئەمەش پێشێلێکی زەقی یاسایە کە پەرلەمان کردوویەتی.

### ٢-دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.

ئەم دەستەیە لە ساڵی (٢٠١٢) بەپێی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠١٠) پێکهێنراوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە (٢٠١٢/١٢/١٧)دا لە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و لە (٢٠١٧/١/١٧) ماوەی یاسایی تەواو بووە، سەرباری ئەوەی بە نوسراوی فەرمی لەلایەن سەرۆکی دەستەوە پەرلەمان ئاگادارکراوەتەوە بەڵام کێشەکە چارەسەر نەکرا، تا دوای تێپەڕبوونی (چوار ساڵ و چوار مانگ) بە نایاسایی لە (٢٠٢١/٥/١٨) پەرلەمان سەرۆکێکی تری بۆ دەستەکە دەستنیشانکرد و متمانەی پێدراو سوێندی یاسایی خوارد.

### ٣-دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان.

ئەم دەستەیە لە ساڵی (٢٠١٣) بەپێی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١١) پێکهێنراوە.

لە مادەی (حەوتەم)ی یاساکەیدا هاتووە کە "ماوەی خزمەتی سەرۆك چوار ساڵە و بۆ یەك جار قابیلی تازە کردنەوەیە". بەڵام سەرۆکی ئێستای دەستە رۆژی ٢٠١٣/٥/١٣ بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بە سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەڵبژێردراو سوێندی یاسایی خوارد و رۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ دەستبەکار بووە، لە (٢٠١٧/٥/٢٧) ماوەی یاسایی سەرۆکی دەستە تەواو بوو، تا ئێستا ماوەی شەش ساڵە سەرۆکی دەستەی دەستپاکی بەنایاسایی

پیادەی پۆستەکەی دەکات، سەرباری ئەوەی چەند جارێك لەلایەن سەرۆکی دەستەوە بە نوسراوی فەرمی پەرلەمان ئاگادارکراوەتەوە، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرلەمان هیچ هەنگاوێکی نەناوە.

**٤-کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و را پرسی.**

ئەم کۆمسیۆنە لە ساڵی (٢٠١٤) بەپێی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠١٤) پێکهێنراوە. لە رۆژی (٢٠١٤/١٢/٣) لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان متمانە بە کۆمسیارەکان بەخشراو لە (٢٠١٤/١٢/٢٣) دەستبەکار بوون، لە (٢٠١٩/١٢/٢٣) ماوەی یاسایی کۆمسیارەکان کۆتایی هات، تا ئێستا نزیکەی چوار ساڵە کۆمسیۆن کەوتۆتە بۆشایی یاساییەوەو لەدەرەوەی یاسا پیادەی دەسەڵاتەکانی خۆیان دەکەن و تا ئێستا پەرلەمان ئەم گرفتەی چارەسەر نەکردووە.

# كارایی سەرۆكەكانی پەرلەمان

## یەكەم: كارایی سەرۆكەكانی پەرلەمان لە دەركردنی یاسادا:

بەڵام كاتێك بەراوردێكی یاساكان بكەین لەگەڵ تەمەنی سەرۆكایەتی ئەوانەی سەرۆكی پەرلەمان بوونە، بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی دەستبەكار بوون (سوێند خواردن) وەك سەرۆكی پەرلەمان و رۆژی دەستلەكارترازانیان، دەستنیشانكراوە كە لەسەردەمی هەر سەرۆكێكدا بە ماوەی چەند رۆژ یاسایەك دەرچووە، بەمەش دەردەكەوێت كە سەردەمی كامە سەرۆكی پەرلەمان كاراتر بووە لە دەركردنی یاسادا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (٢٨).

**خشتەی (٢٨)**

**دەركردنی یاساكان بە پێی كاتی ئەو كەسانەی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بوون**

| ز | سەرۆكی پەرلەمان | مێژوو | ماوە | | | ژمارەی ئەو یاسایانەی دەریكردووە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | سال | مانگ | رۆژ | | |
| ١ | بەرەی كوردستانی | – | – | – | – | 2 | – |
| ٢ | جەوهەر نامیق سالم | ١٩٩٢/٦/٤ تا ١٩٩٩/١٢/٢١ | 5 | 6 | 17 | 84 | بە (24.1) رۆژ یاسایەكی دەركردووە |
| ٣ | رۆژ نوری شاوەیس | ١٩٩٩/١٢/٢٢ تا ٢٠٠٥/٤/٦ | 4 | 6 | 14 | 75 | بە (22.9) رۆژ یاسایەكی دەركردووە |
| ٤ | كەمال فوئاد | ٢٠٠٢/١٠/٤ تا ٢٠٠٥/٤/٦ | 0 | 9 | 0 | 11 | بە (25) رۆژ یاسایەكی دەركردووە |
| ٥ | عەدنان موفتی | ٢٠٠٥/٦/٤ تا ٢٠٠٩/٨/٢٠ | 4 | 2 | 16 | 88 | بە (17.5) رۆژ یاسایەكی دەركردووە |
| ٦ | كەمال كەركوكی | ٢٠٠٩/٨/٢٠ تا ٢٠١٢/٢/١٥ | 2 | 5 | 25 | 41 | بە (22.1) رۆژ یاسایەكی دەركردووە |
| ٧ | ئەرسەلان بایز | ٢٠١٢/٢/١٥ تا ٢٠١٣/١١/١ | 1 | 7 | 15 | 35 | بە (16.9) رۆژ یاسایەكی دەركردووە |
| ٨ | یوسف محەمەد سادق | ٢٠١٤/٤/٢٩ تا ٢٠١٥/١٠/١٢ | 1 | 5 | 12 | 17 | بە (31.1) رۆژ یاسایەكی دەركردووە |
| ٩ | جەعفەر ئیمنیكی | ٢٠١٧/٩/١٥ تا ٢٠١٨/١١/٦ | 1 | 1 | 21 | 14 | بە (29.7) رۆژ یاسایەكی دەركردووە |
| ١٠ | ڤالا فەرید | ٢٠١٩/٢/١٨ تا ٢٠١٩/٧/١٠ | 0 | 4 | 23 | 2 | بە (72.5) رۆژ یاسایەكی دەركردووە |
| ١١ | ریواز فایەق | ٢٠١٩/٧/١١ تا ٢٠٢٣/٥/١٩ | 3 | 10 | 8 | 42 | بە (33.5) رۆژ یاسایەكی دەركردووە |
| سەرجەم | | | | | | 411 | |

**تێبینی:**

١-یاساكانی ژمارە (١) و (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن لیژنەیەك لە بەرەی كوردستانیەوە ئامادەكران بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دواتر لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندكران.

٢-خولی یەكەمی پەرلەمان ماوەی دوو ساڵ بەهۆی شەڕی ناوخۆوە پەكی خرا، بۆیە ئەم دوو ساڵە ئەژمار نەكراوە.

٣-ماوەی نێوان (٢٠٠٢/١٠/٤ تا ٢٠٠٥/٤/٦) كە دوو ساڵ و نیو دەكات بە خولی گواستنەوە ناوزەد كراوە، لەو ماوەیەدا (٣) مانگ رۆژ شاوەیس و (٢) مانگ كەمال فوئاد بە نۆرە سەرۆكایەتی پەرلەمانیان دەكرد. بەڵام بەپێی دانیشتنەكان كە لە پرۆتۆكۆلەكانی پەرلەماندا هاتووە، كەمال فوئاد لەو ماوەیەدا تەنها نۆ مانگ وەك سەرۆكی پەرلەمان سەرۆكایەتی دانیشتنەكانی كردووە.

٤- لە ٢٠١٥/١٠/١٢ لەلایەن (پدك)ەوە رێگری لە سەرۆكی پەرلەمان (د.یوسف محەمەد) كراو رێگەی پێنەدرا بچێتەوە پەرلەمان، لەو مێژووە بەدواوە لەلایەن (جەعفەر ئیمنیكی، بێگەرد دڵشاد) وەك جێگر و سكرتێر پەرلەمان بەڕێوە دەبرا. بەڵام ماوەی (ساڵێك و ١١ مانگ و سێ رۆژ) پەرلەمان بەهۆی پەكخستنەوە هیچ دانیشتنێكی ئەنجامنەدا و هیچ یاسایەكی دەرنەكردووە.

٥-ئەگەر بیانوو هەبێت خولەكانی یەك و چوار بەهۆی ململانێی سیاسی و شەڕی ناوخۆوە داخرابێت، بەڵام لە خولی پێنجدا هیچ بیانوێك نەبووە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان تا كارا نەبێت و بە ئەركەكانی خۆی هەڵنەستێت.

٦-بەپێی ئەم خشتەیە کارایی سەرۆکەکانی پەرلەمان لە دەرکردنی یاسادا بەپێی ئەو ماوەیەی کە سەرۆکی پەرلەمان بوونە، بەپێی ڕۆژی دەرکردنی یاساکان بەم شێوەیەیە:

١- ئەرسەلان بایز: ماوەی (١) ساڵ و (٧) مانگ و (١٥) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (594) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (16.9) ڕۆژ یاسایەکی دەرکردووە.

٢-عەدنان موفتی: ماوەی (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١٦) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (1538) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (17.5) ڕۆژ یاسایەکی دەرکردووە.

٣-کەمال کەرکوکی: ماوەی (٢) ساڵ و (٥) مانگ و (٢٥) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (907) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (22.1) ڕۆژ یاسایەکی دەرکردووە.

٤-ڕۆژ نوری شاوەیس: ماوەی (٤) ساڵ و (٦) مانگ و (١٤) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (1657) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە به (22.9) ڕۆژ یاسایەکی دەرکردووە.

٥- جەوهەر نامیق سالم: ماوەی (٥) ساڵ و (٦) مانگ و (١٧) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (2026) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (24.1) ڕۆژ یاسایەکی دەرکردووە.

٦-کەمال فوئاد: ماوەی (٩) مانگ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (275) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (25) ڕۆژ یاسایەکی دەرکردووە.

٧-جەعفەر ئیمنیکی: ماوەی (١) ساڵ و (١) مانگ و (٢١) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (417) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (29.7) ڕۆژ یاسایەکی دەرکردووە.

٨-یوسف محەمەد سادق: ماوەی (١) ساڵ و (٥) مانگ و (١٢) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (525) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە(31.1) ڕۆژ یاسایەکی دەرکردووە.

٩-ڕێواز فایەق: ماوەی (٣) ساڵ و (١٠) مانگ و (٨) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (1.288) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (33.5) ڕۆژ یاسایەکی دەرکردووە.

١٠-ڤالا فەرید: ماوەی (٤) مانگ و (٢٣) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (145) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (72.5) ڕۆژ یاسایەکی دەرکردووە.




**شێوەی (١٧)**

**دەرکردنی یاساکان بە پێی کاتی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون**

**دووەم: کارایی سەرۆکەکانی پەرلەمان لە دەرکردنی بڕیارە یاسادا:**

بێگومان هاوشێوەی یاساکان، هەمان حاڵەتمان بەسەر بڕیارەکانیشدا جێبەجێکردووە، کە بەپێی ئەم خشتەی (٢٩) زنجیرەی سەرۆکەکانی پەرلەمان لەماوەی سەرۆکایەتیاندا لە دەرکردنی بڕیارە یاساییەکاندا بەم شێوەیە دەردەکەون:

**خشتەی (٢٩)**

**دەرکردنی بڕیارە یاساییەکان بە پێی کاتی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون**

| ز | سەرۆکی پەرلەمان | مێژوو | ماوە | | | ژمارەی ئەو بڕیارانەی دەریکردووە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ساڵ | مانگ | ڕۆژ | |
| ١ | جەوهەر نامیق سالم | ١٩٩٢/٦/٤ تا ١٩٩٩/١٢/٢١ | 5 | 6 | 17 | 80 |
| ٢ | ڕۆژ نوری شاوەیس | ١٩٩٩/١٢/٢٢ تا ٢٠٠٥/٤/٦ | 4 | 6 | 14 | 33 |
| ٣ | کەمال فوئاد | ٢٠٠٢/١٠/٤ تا ٢٠٠٥/٤/٦ | 0 | 9 | – | 5 |
| ٤ | عەدنان موفتی | ٢٠٠٥/٦/٤ تا ٢٠٠٩/٨/٢٠ | 4 | 2 | 16 | 15 |
| ٥ | کەمال کەرکوکی | ٢٠٠٩/٨/٢٠ تا ٢٠١٢/٢/١٥ | 2 | 5 | 25 | 2 |
| ٦ | ئەرسەلان بایز | ٢٠١٢/٢/١٥ تا ٢٠١٣/١١/١ | 1 | 7 | 15 | 1 |
| ٧ | یوسف محەمەد سادق | ٢٠١٤/٤/٢٩ تا ٢٠١٥/١٠/١٢ | 1 | 5 | 12 | 7 |
| ٨ | جەعفەر ئیمنیکی | ٢٠١٧/٩/١٥ تا ٢٠١٨/١١/٦ | 1 | 1 | 21 | 1 |
| ٩ | ڤالا فەرید | ٢٠١٩/٢/١٨ تا ٢٠١٩/٧/١٠ | 0 | 4 | 23 | 0 |
| ١٠ | ڕێواز فایەق | ٢٠١٩/٧/١١ تا ٢٠٢٣/٥/١٩ | 3 | 10 | 8 | 5 |
| **سەرجەم** | | | | | | 149 |




**شێوەی (١٨)**

**دەرکردنی بڕیارە یاساییەکان بە پێی کاتی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون**

## سێیەم: کارایی سەرۆکەکانی پەرلەمان لە ئەنجامدانی دانیشتنەکاندا:

سەبارەت بە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کارابوونی لە کۆبوونەوەکاندا، بەهەمان شێوە بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی دەستبەکار بوون (سوێند خواردن) وەك سەرۆکی پەرلەمان و رۆژی دەستلەکارترازانیان، دەستنیشانکراوە کە لەسەردەمی هەر سەرۆکێکدا بە ماوەی چەند رۆژ دانیشتنێك بەرێوە چووە، بەمەش دەردەکەوێت کە سەردەمی کامە سەرۆکی پەرلەمان کاراتر بووە لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (٣٠).

### خشتەی (٣٠)

### دانیشتنەکانی پەرلەمان بە پێی کاتی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون

| ز | سەرۆکی پەرلەمان | ماوەی سەرۆکایەتی | | | ژمارەی دانیشتنەکان | | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سال | مانگ | رۆژ | ئاسایی | نائاسایی | سەرجەم | |
| ١ | جەوهەر نامیق سالم | 5 | 6 | 17 | 296 | 10 | 306 | بە (6.6) رۆژ دانیشتنێك ئەنجامدراوە |
| ٢ | رۆژ نوری شاوەیس | 4 | 6 | 14 | 159 | 10 | 169 | بە (9.8) رۆژ دانیشتنێك ئەنجامدراوە |
| ٣ | کەمال فوئاد | 0 | 9 | – | 22 | 0 | 22 | بە (12.5) رۆژ دانیشتنێك ئەنجامدراوە |
| ٤ | عەدنان موفتی | 4 | 2 | 16 | 220 | 24 | 244 | بە (6.3) رۆژ دانیشتنێك ئەنجامدراوە |
| ٥ | کەمال کەرکوکی | 2 | 5 | 25 | 120 | 25 | 145 | بە (6.3) رۆژ دانیشتنێك ئەنجامدراوە |
| ٦ | ئەرسەلان بایز | 1 | 7 | 15 | 125 | 2 | 127 | بە (4.7) رۆژ دانیشتنێك ئەنجامدراوە |
| ٧ | یوسف محەمەد سادق | 1 | 5 | 12 | 68 | 3 | 71 | بە (7.5) رۆژ دانیشتنێك ئەنجامدراوە |
| ٨ | جەعفەر ئیمنیکی | 1 | 1 | 21 | 30 | 1 | 31 | بە (13.5) رۆژ دانیشتنێك ئەنجامدراوە |
| ٩ | ڤالا فەرید | 0 | 4 | 23 | 15 | 0 | 15 | بە (9.7) رۆژ دانیشتنێك ئەنجامدراوە |
| ١٠ | رێواز فایەق | 3 | 10 | 8 | 98 | 1 | 99 | بە (14.2) رۆژ دانیشتنێك ئەنجامدراوە |
| سەرجەم | | | | | 1153 | 76 | 1229 | |

بەپێی ئەم خشتەیە کارایی سەرۆکەکانی پەرلەمان لە ئەنجامدانی دانیشتنەکاندا بەپێی ئەو ماوەیەی کە سەرۆکی پەرلەمان بوونە بەم شێوەیەیە:

١– ئەرسەلان بایز: ماوەی (١) ساڵ و (٧) مانگ و (١٥) رۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (594) رۆژ، لەو ماوەیەدا بە (4.7) رۆژ دانیشتنێکی ئەنجامداوە.

٢–عەدنان موفتی: ماوەی (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١٦) رۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (1538) رۆژ، لەو ماوەیەدا بە (6.3) رۆژ دانیشتنێکی ئەنجامداوە.

٣–کەمال کەرکوکی: ماوەی (٢) ساڵ و (٥) مانگ و (٢٥) رۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (907) رۆژ، لەو ماوەیەدا بە (6.3) رۆژ دانیشتنێکی ئەنجامداوە.

٤– جەوهەر نامیق سالم: ماوەی (٥) ساڵ و (٦) مانگ و (١٧) رۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (2026) رۆژ، لەو ماوەیەدا بە (6.6) رۆژ دانیشتنێکی ئەنجامداوە.

٥–یوسف محەمەد سادق: ماوەی (١) ساڵ و (٥) مانگ و (١٢) رۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (525) رۆژ، لەو ماوەیەدا بە (7.5) رۆژ دانیشتنێکی ئەنجامداوە.

٦–ڤالا فەرید: ماوەی (٤) مانگ و (٢٣) رۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (145) رۆژ، لەو ماوەیەدا بە (9.7) رۆژ دانیشتنێکی ئەنجامداوە.

٧–ڕۆژ نوری شاوەیس: ماوەی (٤) ساڵ و (٦) مانگ و (١٤) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (1657) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (9.8) ڕۆژ دانیشتنێکی ئەنجامداوە.

٨–کەمال فوئاد: ماوەی (٩) مانگ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (275) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (12.5) ڕۆژ دانیشتنێکی ئەنجامداوە.

٩–جەعفەر ئیمنیکی: ماوەی (١) ساڵ و (١) مانگ و (٢١) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (417) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (13.5) ڕۆژ دانیشتنێکی ئەنجامداوە.

١٠–ڕێواز فایەق: ماوەی (٣) ساڵ و (١٠) مانگ و (٨) ڕۆژ سەرۆکی پەرلەمان بووە کە دەکاتە (1.288) ڕۆژ، لەو ماوەیەدا بە (14.2) ڕۆژ دانیشتنێکی ئەنجامداوە.




**شێوەی (١٩)**

**دانیشتنەکانی پەرلەمان بە پێی کاتی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوون**

## چوارەم: کارایی سەرۆکەکانی پەرلەمان لە پەسەندکردنی یاسای بودجەدا:

### خشتەی (٣١)

### یاسا پەسەندکراوەکانی بودجەی هەرێم بە پێی سەردەمی سەرۆکەکان

| ز | سەرۆکی پەرلەمان | ماوەی سەرۆکایەتی: ساڵ | مانگ | ڕۆژ | ئەو یاسایانەی دەریکردوون |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جەوهەر نامیق سالم | 5 | 6 | 17 | 4 |
| ٢ | ڕۆژ نوری شاوەیس | 4 | 6 | 14 | 2 |
| ٣ | کەمال فوئاد | 0 | 9 | – | 0 |
| ٤ | عەدنان موفتی | 4 | 2 | 16 | 3 |
| ٥ | کەمال کەرکوکی | 2 | 5 | 25 | 2 |
| ٦ | ئەرسەلان بایز | 1 | 7 | 15 | 2 |
| ٧ | یوسف محەمەد سادق | 1 | 5 | 12 | 0 |
| ٨ | جەعفەر ئیمنیکی | 1 | 1 | 21 | 0 |
| ٩ | ڤالا فەرید | 0 | 4 | 23 | 0 |
| ١٠ | ڕێواز فایەق | 3 | 10 | 8 | 0 |
| | سەرجەم | | | | 13 |

١- جەوهەر نامیق سالم: لەو ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتیدا تەنها (٤) یاسای بودجەی دەرکردووە.

٢-ڕۆژ نوری شاوەیس: لەو ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتیدا تەنها (٢) یاسای بودجەی دەرکردووە.

٣-کەمال فوئاد: لەو ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتیدا هیچ یاسایەکی بودجەی دەرنەکردووە.

٤-عەدنان موفتی: لەو ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتیدا (٣) یاسای بودجەی دەرکردووە.

٥-کەمال کەرکوکی: لەو ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتیدا (٢) یاسای بودجەی دەرکردووە.

٦-ئەرسەلان بایز: لەو ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتیدا (٢) یاسای بودجەی دەرکردووە.

٧-یوسف محەمەد سادق: لەو ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتیدا هیچ یاسایەکی بودجەی دەرنەکردووە.

٨-جەعفەر ئیمنیکی: لەو ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتیدا هیچ یاسایەکی بودجەی دەرنەکردووە.

٩-ڤالا فەرید: لەو ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتیدا هیچ یاسایەکی بودجەی دەرنەکردووە.

١٠-ڕێواز فایەق: لەو ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتیدا هیچ یاسایەکی بودجەی دەرنەکردووە.




### شێوەی (٢٠)

### یاسا پەسەندکراوەکانی بودجە بە پێی ئەو کەسانەی سەرۆکی پەرلەمان بوون

# ئەنجام

١–پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی (٣١) ساڵ تەمەنیدا دەبوایە (٨) جار هەڵبژاردن بکات، بەڵام تەها (٥) هەڵبژاردنی کردووەو بەبەراورد لەگەڵ تەمەنی خۆیدا ماوەی (١٢) ساڵ و (٦) مانگ پەرلەمان لە پاشە واتە (٣) خول لە دواوەیە.

٢–پەرلەمانی کوردستان لەماوەی (٥) خولدا (٨) جار تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە، خولی یەکەم (٤) جار، هەریەك لە خولەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمیش هەریەکەو جارێك درێژیان کردۆتەوە.

٣–هیچ کام لە خولەکانی پەرلەمان لە وادەی دەستنیشانکراوی یاسایی خۆیاندا هەڵبژاردنیان بۆ ئەنجام نەدراوەو هەر پێنج خول دواخراون.

٤–لە ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی خولەکاندا، دانیشتنی خولی یەکەم و سێیەم و پێنجەم لە وادەی خۆیاندا ئەنجامدراون، بەڵام خولەکانی دووەم و چوارەم لە وادەی یاساییان دواکەوتوون.

٥–هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی لە خولەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە یەکەم دانیشتندا هەڵبژێردراون، بەڵام لە خولەکانی (چوارەم و پێنجەمدا) دواکەوتوون و پێچەوانەی پەیرەو و یاسا بوونە.

٦–تەمەنی پەرلەمانی کوردستان (٣١) ساڵە و پێنج خول هەلبژاردنی کردووە، بەڵام ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تەمەنی (١٨) ساڵ و بەهەمان شێوە پێنج خول هەڵبژاردنی کردووە.

٧–تا هاتووەو خول لە دوای خول رێژەی بەشداری هاوڵاتیان لە دەنگدان کەمی کردووە، لە خولی (یەکەمدا) زۆرترین رێژەی بەشداری هەیە کە (86.4%)ە، لە خولی (پێنجەم) کەمترینە کە دابەزیوە بۆ (59.83%).

٨–خول لە دوای خول رێژەی دەنگی دوو لایەنە سەرەکییەکە کەمی کردووە:

ا–لە خولی یەکەمدا پارتی لە کۆی ژمارەی ئەوانەی دەنگیان داوە رێژەی (45.42%) ی بەدەست هێناوە، بەڵام رێژەی دەنگەکانی لە کۆی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە دەکاتە (39.36%). لە هەمان خولدا یەکێتی لە کۆی ژمارەی ئەوانەی دەنگیان داوە رێژەی (43.6%) ی بەدەست هێناوە، بەڵام رێژەی دەنگەکانی لە کۆی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە دەکاتە (38.11%).

ب–لە خولی دووەمدا ناتوانرێت رێژەی دەنگەکانی پارتی و یەکێتی دەستنیشان بکرێت، چونکە زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردبوو.

ج–لە خولی سێیەمدا پارتی و یەکێتی کە بەیەك لیست بەشداریان کردبوو لە کۆی ژمارەی ئەوانەی دەنگیان داوە رێژەی (57.36%) یان بەدەست هێناوە، بەڵام رێژەی دەنگەکانیان لە کۆی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە دەکاتە (44.81%)

د-لە خولی چوارەمدا پارتی لە کۆی ژمارەی ئەوانەی دەنگیان داوە رێژەی (37.78%) ی بەدەست هێناوە، بەڵام رێژەی دەنگەکانی لە کۆی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە دەکاتە (26.53%). لە هەمان خولدا یەکێتی لە کۆی ژمارەی ئەوانەی دەنگیان داوە رێژەی (17.8%) ی بەدەست هێناوە، بەڵام رێژەی دەنگەکانی لە کۆی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە دەکاتە (12.50%).

ھ-لە خولی پێنجەمدا پارتی لە کۆی ژمارەی ئەوانەی دەنگیان داوە رێژەی (37.27%) ی بەدەست هێناوە، بەڵام رێژەی دەنگەکانی لە کۆی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە دەکاتە (22.30%). لە هەمان خولدا یەکێتی لە کۆی ژمارەی ئەوانەی دەنگیان داوە رێژەی (17.33%) ی بەدەست هێناوە، بەڵام رێژەی دەنگەکانی لە کۆی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە دەکاتە (10.36%).

٩-رێژەی بەشداری دەنگدەرانی پێکهاتەکان لە بەراوردی کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەران و بەراوردی هەریەک لە خولەکاندا جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانە، بە جۆرێك کە هەڵچوون و داچوون هەیە:

ا-پێکهاتەی کریستیانەکان لە خولی (یەکەمدا) رێژەی (0.95%) ی دەنگەکان و لە خولی (سێیەم) رێژەی (0.86%) و لە خولی (چوارەم) رێژەی (0.65%) و لە خولی (پێنجەم)یش رێژەی (0.74%)یان بەدەستهێناوە.

ا-پێکهاتەی تورکمان لە خولی (سێیەم) رێژەی (1.56%) و لە خولی (چوارەم) رێژەی (0.55%) و لە خولی (پێنجەم)یش رێژەی (0.48%)یان بەدەستهێناوە.

ا-پێکهاتەی ئەرمەن لە خولی (سێیەم) رێژەی (0.22%) و لە خولی (چوارەم) رێژەی (0.02%) و لە خولی (پێنجەم)یش رێژەی (0.03%)یان بەدەستهێناوە.

١٠-ئاستی خوێندەواری و بڕوانامەی ئەندامەکان خول لەدوای خول هەڵکشاوە، بەڵام لەرووی توانست و شارەزایی ئەندامانەوە بە پێچەوانەوە کەوتۆتەوە.

١١-سەبارەت بە پسپۆریی ئەندامان لە خولە جیاجیاکاندا هاوسەنگییەك نابینرێت، بەتایبەت لە خولەکانی کۆتاییدا چەند پسپۆرییەکی پێویست هەن کە لەپەرلەماندا دەگمەن و کەمن یاخود نابینرێن.

١٢-لەڕووی ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە هەر خولێکدا بەپێی یاسا دەبوایە لە پەرلەمان بن، پێویست بوو بە هەر پێنج خول (٥٤٩) ئەندام بن، بەڵام بەهۆی دەستلەکار کێشانەوەو ئاڵوگۆڕەوە لەو پێنج خولەدا (٦٤٩) ئەندام پۆستی ئەندامێتی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە، واتە (١٠٠) ئەندام لە میچی خۆی زیاتر، لەکاتێکدا لە ئێستادا (١١) ئەندامی تریش لەم خولی پێنجەدا نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان پێشکەش کردووە.

١٣-لە خولەکانی سەرەتادا بڕیاربەدەستانی لایەنە سیاسیەکان بەشدار بوونە، لە خولی (یەکەم) دا (٣) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و (٧) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، (٥) ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و (٩) ئەندامی

سەرکردایەتی یەکێتی ئەندامی پەرلەمان بوون، بەڵام لە خولی پێنجەمدا هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی خۆیان کاندید نەکردبوو، تەنها یەك ئەندامی سەرکردایەتی پارتی چووە پەرلەمانەوە.

١٤-خولەکانی سەرەتا سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکان بوون، بەڵام لە خولی پێنجدا سەرۆك و جێگر دوو کادیری ئاسایی حزبەکانیان بوون.

١٥-گرفتی نایاسایی بوون و ساختەکاری لە تۆماری دەنگدەراندا لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا پرسێکی بەردەوام بووەو هیچ کات و هیچ کام لە لایەنەکان لەکاتی خۆیدا نەیانویستووە چارەسەری بکەن، تەنها بەر لە هەڵبژاردنەکان وروژاندوویانە بۆ پەکخستنی هەڵبژاردن و سەپاندنی مەرجە تایبەتەکانیان.

١٦-پەرلەمانی کوردستان لە رووی یاسادانانەوە سەرکەوتوو نەبووە کە زۆر یاسای پێویست هەبوو و دەبوایە دەریان بکات بەڵام نەیکردووە، گەلێك لە یاساکانی کۆنن و پێویستیان بە هەموار هەیە تا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێنرێن بەڵام نەکراون، لەماوەی (٣١) ساڵدا تەنها (٤١١) یاسای دەرکردووە، ئەمەش بەبەراورد لەگەل تەمەنی ژمارەیەکی کەمە. لەکاتێکدا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ماوەی (١٨) ساڵدا (٧٢١) یاسای دەرکردووە.

١٧-پەرلەمانی کوردستان لە ئەرکی چاودێری و بەدواداچووندا سەرکەوتوو نەبووە، بە هەر پێنج خول و لە ماوەی (٣١) ساڵدا متمانە لە هیچ وەزیرێك یا سەرۆکی وەزیران وەرنەگرتۆتەوەو نەیتوانیوە لێپێچینەوە لە هیچ بەرپرسێك بکات.

١٨-پەرلەمانی کوردستان لە ئەرکی پەسەندکردنی بودجەدا سەرکەوتوو نەبووە، لەماوەی (٣١) ساڵدا تەنها (١٣) یاسای بودجەی پەسەند کردووە، واتە (١٧) ساڵ حکومەتی هەرێم یاسای بودجەی نەبووە. خولی یەکەم (٦) یاسا، خولی دووەم (٣) یاسا، خولی سێیەم (٤) یاسا، خولەکانی چوارەم و پێنجەم هیچ یاسایەکی بودجەیان دەرنەکردووە.

١٩-پەرلەمانی کوردستان لە پرسە نیشتمانییەکاندا نەیتوانیوە رۆڵی خۆی ببینێت و وەك لە بڕیاری خۆیدا هاتووە کە "بەرزترین دامەزراوەی یاسایی و سیاسیەو" لە پرسە چارەنوسسازەکانی خەڵکی کوردستاندا نەیتوانیوە رۆڵی مەرجەع ببینێت و بۆی بگەڕێنەوە.

٢٠-پەرلەمانی کوردستان لە ئەرکی یاسایی پەیوەستبوونی دەستە سەربەخۆکاندا کەمتەرخەم بووەو لەبەرامبەر هەر چوار دەستە سەربەخۆکەدا پێشێلی یاساکانی خۆی کردووە.

٢١-بەپێی ئەم راپۆرتە دەردەکەوێت کە لە رووی تەمەنەوە خولی پێنجەم گەنجترین خول دادەنرێت و خولی یەکەمیش بەتەمەنترین خول.

٢٢-چالاکترین خول لە رووی یاسادانانەوە بە پلەی یەکەم خولی (دووەم) دێت کە لە ماوەی (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١٦) رۆژدا (٨٨) یاسای دەرکردووە کە هەر یاسایەك (17.5) رۆژی خایاندووە. بە پلەی دووەمیش خولی (سێیەم)

دێت کە لە ماوەی (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١١) ڕۆژدا (٧٦) یاسای دەرکردووە کە هەر یاسایەك (20.2) ڕۆژی خایاندووە. ناچالاکترین خولیش بە پلەی یەکەم خولی (چوارەم)ە کە لە ماوەی (٥) ساڵ و (٥) ڕۆژدا (٣١) یاسای دەرکردووە کە هەر یاسایەك (59.6) ڕۆژی خایاندووە و بە پلەی دووەمیش خولی (پێنجەم) دێت کە لە ماوەی (٤) ساڵ و (٦) مانگ و (١٣) ڕۆژدا (٤٤) یاسای دەرکردووە کە هەر یاسایەك (37.7) ڕۆژی خایاندووە

٢٣-چالاکترین خول لە ڕووی ئەنجامدانی دانیشتن و کۆبوونەوەوە بە پلەی یەکەم خولی (سێیەم) دێت کە لە ماوەی (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١١) ڕۆژدا (٢٧٢) دانیشتنی ئەنجامداوە کە بە (5.63) ڕۆژ دانیشتنێك کراوە. بە پلەی دووەمیش خولی (دووەم) دێت کە لە ماوەی (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (٦) ڕۆژدا (٢٤٤) دانیشتنی ئەنجامداوە کە بە (6.29) ڕۆژ دانیشتنێك کراوە. ناچالاکترینیش بە پلەی یەکەم خولی (چوارەم) دێت کە لە ماوەی (٥) ساڵ (٥) ڕۆژدا (١٠٢) دانیشتنی ئەنجامداوە کە بە (17.95) ڕۆژ دانیشتنێك کراوە، ئەگەر بیانو هەبێت بۆ خولی چوارەم کە ماوەی دوو ساڵ پەکی خراوە، بەڵام خولی (پێنجەم)یش لە ناچالاکترینە چونکە لە ماوەی (٤) ساڵ و (٦) مانگ و (١٣) ڕۆژدا (١١٣) دانیشتنەی ئەنجامداوە کە دەکاتە ئەوەی بە (14.65) دانیشتنێکی کردووە.

٢٤-سەبارەت بە دەرکردنی یاسا چالاکترین سەرۆك بەپلەی یەکەم (ئەرسەلان باین) دێت کە لەماوەی (١)ساڵ و (٧) مانگ و (١٥) ڕۆژدا (٣٥) یاسای دەرکردووە کە هەر یاسایەك بە (16.9) ڕۆژ دەرچووە، بە پلەی دووەمیش (عەدنان موفتی) دێت کە لەماوەی (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١٦) ڕۆژدا (٨٨) یاسای دەرکردووە کە بە (17.5) ڕۆژ یاسایەك دەرکراوە. ناچالاکترین سەرۆکیش (ڕێواز فایەق) بووە کە لەماوەی (٣) ساڵ و (١٠) مانگ و (٨) ڕۆژدا (٤٢) یاسایەی دەرکردووە کە بە (33.5) ڕۆژ یاسایەکی دەرکردووە.

٢٥-سەبارەت بە ئەنجامدانی دانیشتنەکان چالاکترین سەرۆك بە پلەی یەکەم (ئەرسەلان باین) دێت کە لەماوەی (١)ساڵ و (٧) مانگ و (١٥) ڕۆژدا (١٢٧) دانیشتنی ئەنجامداوە کە بە ماوەی (4.7) ڕۆژ دانیشتنێك کراوە، بە پلەی دووەمیش هەریەك لە (عەدنان موفتی) و (کەمال کەرکوکی) دێن کە بە (6.3) ڕۆژ دانیشتنێکیان ئەنجامداوە. ناچالاکترین سەرۆکیش (ڕێواز فایەق) بووە کە لەماوەی (٣) ساڵ و (١٠) مانگ و (٨) ڕۆژدا (٩٩) دانیشتنی کردووە کە بە (14.2) ڕۆژ دانیشتنێکی ئەنجامداوە.

## راسپاردەکان

١–پەرلەمانی کوردستان لەوادەی خۆیدا و بەپێی یاسا لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردن ئەنجام بدات.

٢– پەرلەمان وەك ناوەندێکی باڵای سیاسی و یاسایی کە حزبە سیاسیەکان رۆڵی تیادا دەگێڕن، لەناوەندێکی پاشکۆی حزبەوە بگۆڕدرێت بۆ ناوەندێکی یاسایی و سیاسیی بڕیاردەر. ئەمەش بەوە دەبێت کە لایەنە سیاسیەکان لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا کەسانی بەهێز و بڕیاربەدەست کاندید بکەن و بیان نێرنە پەرلەمان.

٣– پێویستە پەرلەمان لە ناوەندێکی ئیغراکردن و ئیمتیازاتەوە بگۆڕدرێت بۆ ناوەندێك بۆ بەجێگەیاندنی ئەرك و خزمەتی گشتی.

٤–دەبێت پەرلەمان بەهێز بکرێت و هەر بەراستی بالاترین مەرجەعی یاسایی و سیاسیی و شەرعیی هەرێم بێت و بۆ پرسە چارەنوسسازەکانی خەڵکی کوردستان لایەنە سیاسییەکان بۆی بگەڕێنەوە.

٥– ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان (گشتی و کۆتاکان) لەگەل رێژەی دانیشتوان و دەنگدەرانی هەرێمی کوردستاندا بگونجێنرێت، هەروەك لە دەستوری عیراقدا هاتووە بۆ هەر (١٠٠٠٠٠) کەس لە دانیشتوانی عیراق کەسێك دەستنیشان دەکرێت بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق. پێویستە بۆ پەرلەمانی کوردستانیش هاوشێوە بێت.

٦– پێویستە بەر لە هەڵبژاردنەکان لایەنە سیاسیەکان خول بە کاندیدەکانیان ببینن و رابهێنرێن و ئامادە بکرێن، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاری نەشارەزا لە پەرلەماندا جێگە نەگرێت.

٧–یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێتەوەو لەگەڵ خواست و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێنرێت.

٨–پەرلەمان بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت بەپێی پەیرەو ئەرکی چاودێریکردنیش ئەنجام بدات.

٩–پەرلەمانی کوردستان دەبێت هەموو ساڵێك یاسای بودجە پەسەند بکات.

١٠–پێویستە پەرلەمان تیمێکی راوێژکاری یاسایی بەهێز ئامادەبکات بەمەبەستی راوێژدان و پێداچوونەوەی رەشنوس و پرۆژەکان بەر لە پەسەندکردنیان.

١١–بەمەبەستی تاوتوێکردنی رەوشی یاسایی بەشێوازێکی زانستی لە هەرێمی کوردستان، زانکۆکان خوێندکارانی ماستەر و دکتۆرا هانبدەن و رێگەیان بۆ خۆش بکەن توێژینەوە لەم بوارەدا ئەنجامبدەن.

## پاشكۆی (١)

## خولی یەكەمی پەرلەمانی كوردستان بە مێژوو و ژمارە

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١. | رۆژی هەڵبژاردن | ١٩٩٢/٥/١٩ |
| ٢. | رۆژی یەكەم دانیشتنی پەرلەمان و سوێندخواردنی ئەندامان | ١٩٩٢/٦/٤ |
| ٣. | رۆژی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتی | ١٩٩٢/٦/٤ |
| ٤. | رۆژی متمانەدان بە كابینەی وەزاری و سوێندخواردنیان | كابینەی یەكەم ١٩٩٢/٧/٤، كابینەی دووەم ١٩٩٣/٤/٢٥، كابینەی سێیەم ١٩٩٦/٩/٢٦، كابینەی چوارەم ١٩٩٩/١١/٢٧ |
| ٥. | ئەو دەزگایەی هەڵبژاردنەكەی ئە نجامدا | دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەكانی ئە نجومەنی نیشتمانی كوردستان |
| ٦. | كۆی ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | 1.112.000 |
| ٧. | ئەوانەی دەنگیاندا | 971.953 |
| ٨. | رێژەی سەدی بەشداربووان | 86.4% |
| ٩. | ژمارەی ئەو لیستانەی بەشداری هەڵبژاردنیان كرد | 11 |
| ١٠. | ژمارەی ئەو لیستانەی سەركەوتن و چوونە پەرلەمان | 4 |
| ١١. | ژمارەی پەرلەمانتارانی دەرچوو | 105 |
| ١٢. | كۆی ئەو پەرلەمانتارانەی لە ماوەی چوار ساڵدا چوونە پەرلەمان | 169 |
| ١٣. | ژمارەی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان | 14 |
| ١٤. | ژمارەی دانیشتنە ئاساییەكانی پەرلەمان | 477 |
| ١٥. | ژمارەی دانیشتنە نا ئاساییەكانی پەرلەمان | 20 |
| ١٦. | كۆی ژمارەی دانیشتنەكانی پەرلەمان | 497 |
| ١٧. | ژمارەی ئەو پرۆژە یاسایانەی خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ كراوە | 478 |
| ١٨. | ژمارەی ئەو یاسایانەی پەسەند كراون | 172 |
| ١٩. | ژمارەی یاسای بودجە كە دەرچووە | 6 |
| ٢٠. | ژمارەی بڕیارە یاساییانەی كە دەرچووە | 121 |
| ٢١. | مێژووی تەمەنی خولەكە | ١٩٩٢/٦/٤ تا ٢٠٠٥/٦/٤ |
| ٢٢. | ماوەی تەمەنی خولەكە | (١٣) ساڵ |
| ٢٣. | ماوەی خولەكە بە رۆژ | 4748 |
| ٢٤. | ژمارەی دواخستنەكانی پەرلەمان | 4 جار |
| ٢٥. | ماوەی درێژكردنەوەی تەمەنی پەرلەمان | (٩) ساڵ |

## پاشکۆی (٢)

## خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بە مێژوو و ژمارە

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| .١ | ڕۆژی هەڵبژاردن | 2005/1/30 |
| .٢ | ڕۆژی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان و سوێندخواردنی ئەندامان | 2005/6/4 |
| .٣ | ڕۆژی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی | 2005/6/4 |
| .٤ | ڕۆژی متمانەدان بە کابینەی وەزاری و سوێندخواردنیان | کابینەی پێنجەم ٢٠٠٦/٥/٧ |
| .٥ | ئەو دەزگایەی هەڵبژاردنەکەی ئە نجامدا | کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق |
| .٦ | کۆی ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | 2.290.736 |
| .٧ | ئەوانەی دەنگیاندا | 1.753.919 |
| .٨ | ڕێژەی سەدی بەشداربووان | 75.6% |
| .٩ | ژمارەی ئەو لیستانەی بەشداری هەڵبژاردنیان کرد | 13 |
| .١٠ | ژمارەی ئەو لیستانەی سەرکەوتن و چوونە پەرلەمان | 3 |
| .١١ | ژمارەی پەرلەمانتارانی دەرچوو | 111 |
| .١٢ | کۆی ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی لە ماوەی چوار ساڵدا چوونە پەرلەمان | 114 |
| .١٣ | ژمارەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان | 14 |
| .١٤ | ژمارەی دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمان | 220 |
| .١٥ | ژمارەی دانیشتنە نا ئاساییەکانی پەرلەمان | 24 |
| .١٦ | کۆی ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | 244 |
| .١٧ | ژمارەی ئەو پرۆژە یاسایانەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە | 131 |
| .١٨ | ژمارەی ئەو یاسایانەی پەسەند کراون | 89 |
| .١٩ | ژمارەی یاسای بودجە کە دەرچووە | 3 |
| .٢٠ | ژمارەی بڕیارە یاساییانەی کە دەرچووە | 12 |
| .٢١ | مێژووی تەمەنی خولەکە | ٢٠٠٥/٦/٤ تا ٢٠٠٩/٨/٢٠ |
| .٢٢ | ماوەی تەمەنی خولەکە | (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١٦) ڕۆژ |
| .٢٣ | ماوەی خولەکە بە ڕۆژ | 1537 |
| .٢٤ | ژمارەی دواخستنەکانی پەرلەمان | 1 |
| .٢٥ | ماوەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان | (٢) مانگ و (١٦) ڕۆژ |

## پاشکۆی (٣)

## خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بە مێژوو و ژمارە

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١. | ڕۆژی هەڵبژاردن | 2009/7/25 |
| ٢. | ڕۆژی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان و سوێندخواردنی ئەندامان | 2009/8/20 |
| ٣. | ڕۆژی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی | 2009/8/20 |
| ٤. | ڕۆژی متمانەدان بە کابینەی وەزاری و سوێندخواردنیان | کابینەی شەشەم ٢٠٠٩/١٠/٢٨، کابینەی حەوتەم ٢٠١٢/٤/٥ |
| ٥. | ئەو دەزگایەی هەڵبژاردنەکەی ئەنجامدا | کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق |
| ٦. | کۆی ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | 2.401.795 |
| ٧. | ئەوانەی دەنگیاندا | 1.876.196 |
| ٨. | ڕێژەی سەدی بەشداربووان | 78.1 |
| ٩. | ژمارەی ئەو لیستانەی بەشداری هەڵبژاردنیان کرد | 24 |
| ١٠. | ژمارەی ئەو لیستانەی سەرکەوتن و چوونە پەرلەمان | 11 |
| ١١. | ژمارەی پەرلەمانتارانی دەرچوو | 111 |
| ١٢. | کۆی ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی لە ماوەی چوار ساڵدا چوونە پەرلەمان | 124 |
| ١٣. | ژمارەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان | 19 |
| ١٤. | ژمارەی دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمان | 245 |
| ١٥. | ژمارەی دانیشتنە نا ئاساییەکانی پەرلەمان | 27 |
| ١٦. | کۆی ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | 272 |
| ١٧. | ژمارەی ئەو پرۆژە یاسایانەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە | 185 |
| ١٨. | ژمارەی ئەو یاسایانەی پەسەند کراون | 75 |
| ١٩. | ژمارەی یاسای بودجە کە دەرچووە | 4 |
| ٢٠. | ژمارەی بڕیارە یاساییانەی کە دەرچووە | 3 |
| ٢١. | مێژووی تەمەنی خولەکە | ٢٠٠٩/٨/٢٠ تا ٢٠١٣/١١/١ |
| ٢٢. | ماوەی تەمەنی خولەکە | (٤) ساڵ و (٢) مانگ و (١١) ڕۆژ |
| ٢٣. | ماوەی خولەکە بە ڕۆژ | 1532 |
| ٢٤. | ژمارەی دواخستنەکانی پەرلەمان | 1 |
| ٢٥. | ماوەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان | دوو مانگ و (١١) ڕۆژ |

## پاشکۆی (٤)

## خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بە مێژوو و ژمارە

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١. | ڕۆژی هەڵبژاردن | 21/9/2013 |
| ٢. | ڕۆژی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان و سوێندخواردنی ئەندامان | 2013/11/6 |
| ٣. | ڕۆژی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی | 2014/4/29 |
| ٤. | ڕۆژی متمانەدان بە کابینەی وەزاری و سوێندخواردنیان | کابینەی هەشتەم ٢٠١٤/٦/١٨ |
| ٥. | ئەو دەزگایەی هەڵبژاردنەکەی ئەنجامدا | کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق |
| ٦. | کۆی ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | 2.803.382 |
| ٧. | ئەوانەی دەنگیاندا | 1.968.775 |
| ٨. | ڕێژەی سەدی بەشداربووان | 70.2 |
| ٩. | ژمارەی ئەو لیستانەی بەشداری هەڵبژاردنیان کرد | 31 |
| ١٠. | ژمارەی ئەو لیستانەی سەرکەوتن و چوونە پەرلەمان | 17 |
| ١١. | ژمارەی پەرلەمانتارانی دەرچوو | 111 |
| ١٢. | کۆی ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی لە ماوەی چوار ساڵدا چوونە پەرلەمان | 119 |
| ١٣. | ژمارەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان | 22 |
| ١٤. | ژمارەی دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمان | 98 |
| ١٥. | ژمارەی دانیشتنە نا ئاساییەکانی پەرلەمان | 4 |
| ١٦. | کۆی ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | 102 |
| ١٧. | ژمارەی ئەو پرۆژە یاسایانەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە | 231 |
| ١٨. | ژمارەی ئەو یاسایانەی پەسەند کراون | 31 |
| ١٩. | ژمارەی یاسای بودجە کە دەرچووە | 0 |
| ٢٠. | ژمارەی بڕیارە یاساییانەی کە دەرچووە | 8 |
| ٢١. | مێژووی تەمەنی خولەکە | ٢٠١٣/١١/١ تا ٢٠١٨/١١/٦ |
| ٢٢. | ماوەی تەمەنی خولەکە | (٥) ساڵ و (٥) ڕۆژ |
| ٢٣. | ماوەی خولەکە بە ڕۆژ | 1831 |
| ٢٤. | ژمارەی دواخستنەکانی پەرلەمان | 1 |
| ٢٥. | ماوەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان | یەك ساڵ و پێنج ڕۆژ |

## پاشكۆی (٥)

## خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان بە مێژوو و ژمارە

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١. | ڕۆژی هەڵبژاردن | 2018/9/30 |
| ٢. | ڕۆژی یەكەم دانیشتنی پەرلەمان و سوێندخواردنی ئەندامان | 2018/11/6 |
| ٣. | ڕۆژی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتی | 2019/2/18 |
| ٤. | ڕۆژی متمانەدان بە كابینەی وەزاری و سوێندخواردنیان | **كابینەی نۆیەم ٢٠١٩/٧/١٠** |
| ٥. | ئەو دەزگایەی هەڵبژاردنەكەی ئەنجامدا | **كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسی** |
| ٦. | كۆی ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | 3.085.461 |
| ٧. | ئەوانەی دەنگیاندا | 1.845.979 |
| ٨. | ڕێژەی سەدی بەشداربووان | 59.83% |
| ٩. | ژمارەی ئەو لیستانەی بەشداری هەڵبژاردنیان كرد | 29 |
| ١٠. | ژمارەی ئەو لیستانەی سەركەوتن و چوونە پەرلەمان | 16 |
| ١١. | ژمارەی پەرلەمانتارانی دەرچوو | 111 |
| ١٢. | كۆی ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی لە ماوەی چوار ساڵدا چوونە پەرلەمان | 117 |
| ١٣. | ژمارەی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان | 19 |
